UNITED KURDISTAN

# یەکبوون

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

February : 2012 | یەکبوون ژمارە ٢٣ | ڕەشەمەی ٢٧١١




## بۆچی ٢١ فێوریە کراوە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

ڕۆژی جیهانی و نێونەتەوەیەکان، هەر کامێکیان مێژوو و سەربدەیی تایبەت بە خۆیان هەیە. ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکیش کە ٢١ی فێوریەی هەر ساڵێکە، پێشینە و مێژووی خۆی هەیە...

لاپەڕەی ٣

# مافی بەکار بردنی زمان لە دامەزراوە دەوڵەتی و فەرمییەکان و ناوەندەکانی خوێندندا

بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان:



وەرگێڕان لە فارسییەوە: قادر وریا

ماددەی ١٥: هەموو حەشیمەتە زمانییەکان مافیان هەیە، کە زمانەکانیان لەسەر زەویی پێشینانی خۆیاندا بە فەرمی بەکار بهێنن ١. هەموو حەشیمەتە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە، کە هەموو بەڵگەنامە کارگێڕی، کەسێتی و دەوڵەتییەکانیان بە زمانی خۆیان بێت.

ماددەی ٢٣: فێرکردن و خوێندن لە هەر سەرزەوییەکدا، دەبێت لە خزمەت پاراستن و پەرەپێدانی زمانی ئەو حەشیمەتە زمانییەدابێت، کە لەوێ دەژین.


فێرکردن و خوێندن دەبێت لە خزمەت بڵاوبوونەوە و جۆراوجۆریی زمانی و کولتووری و پێوەندیی هارمۆنییانەی نێوان حەشیمەتە زمانییە جۆراوجۆرەکانی سەرانسەری جیهاندا بێت.

ماددەی ٢٤: هەموو حەشیمەتە زمانییەکان، مافی ئەوەیان هەیە لەمەڕ کەڵکوەرگرتن لە زمانەکەیان لە هەموو ئاستێکی خوێندن (باخچەی منداڵان، سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، زانستگا و خوێندنی گەورەساڵان) لەسەر زەویی خۆیاندا، بڕیار بدەن.

ماددەی ٢٩:

١. هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بە زمانی تایبەتیی سەرزەویی خۆی، فێر بێت و بخوێنێت.

٢. ئەم مافە، مافی فێربوونی زارەکی و بە نووسینی زمانێکی دیکە، کە تاک لەوانەیە وەک زمانی پێوەندی لەگەڵ حەشیمەتە زمانییەکانی دیکە بەکاری بێنێت، زەوت ناکات.




جارنامە (چارتێر)ی ئورووپا بۆ زمانە ناوچەیی و کەمایەتییەکان:

ماددەی٨: پەروەردەو فێرکردن

١ ـ لەبەشی پەروەردەو فێرکردندا، لایەنەکان پابەند دەبن لەو ناوچانەدا کە ئەم زمانانە کاریانپێدەکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتی تایبەتیی هەرکام لە زمانەکان و بەبێ زیانگەیاندن بە فێربوونی زمان یان زمانەکانی وڵات:

ا) یەک: پەروەردەی منداڵان لە قۆناغی بەر لە قوتابخانە (باخچەی منداڵان) بە زمانەکانی پێوەندیدار بەو ناوچانە یان کەمایەتییە نەتەوییەکان بێت یان،

دوو: بەشێکی گرنگ لە پەروەردەی منداڵان لە قۆناغی بەر لە قوتابخانە(باخچەی ساوایان) بە زمانگەلی ناوچەیی و کەمایەتییە نەتەوییەکان بێت یان،

سێ: «یەکێک لەم دوو خاڵەی لە ژێر بەندەکانی یەک و دووی ئەم بەندە دا ناویان براوە، دەبێ لانیکەم سەبارەت بەو قوتابیانە بەڕێوە ببرێن کە دایک وباوکیان خوازیارن و قوتابییەکانیش لە رووی چەندیەتیەوە بە رادەی پێویست گەیشتبن،»

چوار: ئەگەر هاتوو ئۆرگانە دەوڵەتییەکان هیچ بەرپرسایەتییەکی ڕاستەوخۆیان لە پێوەندی لەگەڵ فێرکردنی بەر لە قوتابخانەدا لە ئەستۆ نەبوو، لانیکەم پشتیوانی لەم هەنگاوانە دەکەن، کە لە بەندەکانی یەک تا سێی ئەم ماددەیەدا هاتوون. یان هانی ئۆرگانە بەرپرسەکان بۆ جێبەجێکردنیان دەدەن.

ب) یەک: فێرکردن لە قۆناغی سەرەتاییدا بە زمانەکانی ناوچەکان یان کەمایەتییە نەتەوەییەکان پێشکەش دەکرێت یان

دوو: بەشێکی گرینگ لە فێرکردن لە قۆناغی سەرەتایی بەزمانە ناوچەییەکان و کەمایەتییەکان پێشکەش دەکرێت یان

سێ: خوێندنی زمانە ناوچەییەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەخەنە ڕیزی بەرنامەی خوێندنی قوتابخانە سەرەتاییەکان یان

چوار: نێوەرۆکی لانیکەم یەکێک لەم سێ بەندەی سەرەوە لە بارەی ئەو قوتابیانە جێبەجێ بکەن، کە دایکو بابیان داوای دەکەن و ژمارەی قوتابییەکانیش بەشی ئەم مەبەستە دەکات،

پ) یەک: فێرکردن لە قۆناغی دووهەمی خوێندن (لە پۆلی پێنجی سەرەتاییەوە تا وەرگرتنی دیپلۆم) بە زمانەکانی ئەو ناوچانە یان کەمایەتییەکان پێشکەش دەکرێت یان

دوو: بەشێکی گرنگ لە فێرکردنی قۆناغی دووهەمی خوێندن بە زمانەکانی ناوچەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان پێشکەش دەکرێت یان

سێ: خوێندنی زمانە ناوچەییەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەخرێتە ڕیزی بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکانی قۆناغی دووهەمی خوێندن یان

چوار: لانیکەم یەکێک لەو هەنگاوانەی لە بەندەکانی یەک تا سێ دا هاتووە لە بارەی ئەو قوتابیانە بەڕێوە دەبەن، کە دایک وبابیان داوای ( خوێندن بەو زمانە لەو ئاستەیاندا بۆ) دەکەن و قوتابییەکانیش لە ڕووی چەندییەوە بەشی ئەم مەبەستە دەکەن.

ئەم مافانەی لەم چەند بەندەدا هاتوون، لە قۆناغەکانی دیکەشدا(خوێندنی تیکنیکی و پیشەیی، خوێندنی زانکۆو خوێندنگە بەرزەکان، خوێندنی گەورە ساڵان) هەر بەو شێوەیە دووپات دەبنەوە.

سەرچاوە
Serchawe

ح) پێداویستییەکانی فێرکردن و خوێندنی وانەی مێژووو فەرهەنگ، کە پێویستە بە زمانە ناوچەییە کەمایەتییە نەتەوەییەکان بێت، دابیندەکەن.
خ) پێداویستییەکانی پێگەیاندن و پەرەپێدانی ڕاهێنانی مامۆستایان، کە بۆ جێبەجێکردنی نێوەرۆکی بەندەکانی ئەلف تا ح پێویستن و لایەنەکانی ڕێککەوتن قبووڵیانکردوە، دابین دەکەن.
د) یەک یان چەند ئۆرگانی چاوەدێر بە مەبەستی چاوەدێریی ئەو هەنگاوانە، کە بۆ بنیاتنان و پەرەپێدانی فێرکردنی زمانە ناوچەییەکان و کەمایەتییەکان دەنرێن، هەروەها بۆ چاوەدێری بەسەر ڕادەی پێشکەوتنەکان لەم بوارەدا، پێک دەهێنرێن. ئەم ئۆرگان یا ئۆرگانانە دەبێت بە ڕێکوپێکی راپۆرتەکانی خۆیان بدەنەوە و بڵاویان بکەنەوە.
بەیاننامەی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکان
ماددەی چوار:
١. نەتەوەکانی ئەندام، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵ دەگرن بۆ دڵنیایی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان لە بەڕێوەچوونی مافە مرۆییەکانیان و ئازادییە بنەڕەتییەکان و یەکسانی لە بەرامبەر قانووندا بە بێ هیچ چەشنە ستەم و جیاوازیدانانێک.
٢. نەتەوەکانی ئەندام، هەنگاوی پێویست بە مەبەستی پێکهێنانی هەلومەرجی لەبار بۆ تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان هەڵدەگرن، تا بتوانن لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان و کولتوورو زمان، ئایین و جلوبەرگی خۆیان گوزارشت بکەن، تەنیا لەو جێگایانە نەبێت کەلەگەڵ یاساکانی وڵات یان ستاندارده نێونەتەوەییەکان لە ناتەباییدان.
٣. نەتەوەکانی ئەندام، ئەگەر بۆیان دەست بدات، دەبێت هەنگاوی پێویست هەڵبگرن بۆ ئەوەی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان دەرەتانی پێویستیان بە مەبەستی فێربوونی زمانی زگماکی و هەبوونی یاسا و ڕێوشوێن بە زمانی زگماکیی خۆیان هەبێت.
٤- نەتەوەکانی ئەندام، ئەگەر بۆیان بگونجێت، دەبێت پێویستییەکانی خوێندن بەزمانی دایک دابین بکەن، هاندەر بن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە سەر مێژوو، نەریتەکان و ئەو زمان و کەلتوورانەی لە نێو سنوورەکانی ئەو کەمایەتییانەدا هەن.
سەرچاوە: . اعلامیه جهانی حقوق زبانی، ترجمه: علی دەدەبیگلو www.ostomaan.org
- بیانیه حقوق افراد متعلق به اقلیتهای ملی، نژادی، مذهبی و زبانی (مصوب مجمع عمومی سازمان ملل متحد، پەسند کراوی 18ی دیسامبری 1992، سایت ایران امروز
http://iran-emrooz.net
لە ژمارە ٥٧٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.
٢٠ / ٢ / ٢٠١٢

## بۆچی ٢١ی فێوریە کراوە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک؟

ڕۆژە جیهانی و نێونەتەوەییەکان، هەر کامێکیان مێژوو و سەربردەیی تایبەت بە خۆیان هەیە. ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکیش کە ٢١ی فێوریەی هەر ساڵێکە، پێشینە و مێژووی خۆی هەیە.



٦٠ ساڵ لەمەوبەر لە ٢١ی فێوریەی ١٩٥٢ دا، خوێندکارانی بەنگلادیش کە ئەو کاتە وڵاتەکەیان بەشێک بوو لە پاکستان، وەک نارەزایی دەربڕین لە داسەپاندنی زمانی ئۆردوو بەسەر نەتەوەکەیان دا، خۆپێشاندانیان وەڕێ خست. لە ئاکامی تەمەنی هێزە چەکدارەکانی پاکستان دا ٥ خوێندکاری بەنگلادیش گیانیان لە دەست دا. خەڵکی بەنگلادیش، بەڵام دەستیان لە خەبات هەڵ نەگرت و نەک هەر نەچوونە ژێر باری داسەپانی زمانێکی دیکە، ملیان بۆ مانەوە لە ژێر دەسەڵات و لە چوارچێوەی پاکستان دا، نەدا و سەرەنجام سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا.
ڕووداوی ٢١ی فێوریەی ١٩٥٢ بووە هۆی ئەوە بەنگلادیش وەک یەکەم وڵات کە لە پێناوی زمانەکەی دا خەباتی کردوە و قوربانیی داوە، سەیری بکرێ. ئەو وڵاتە لە نوامبری ١٩٩٩ بە ڕەسمی پێشنیاری بە یونسکۆ کرد کە ڕۆژی ٢١ی فێوریە، وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک بناسرێ. دیارە ئەنجومەنی جیهانیی لایەنگرانی زمانی زگماکییش پشتی ئەم پێشنیارەیان گرت و لە ئاکامدا، سیهەمین کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم پێشنیارەی پەسند کرد.
بەنگلادیش وڵاتێکی ١٥ میلیۆنییە و زمانەکەی بەنگالییە. دیارە ئەو وڵاتە پێشتر موستەعمەرەی ئینگلیستان بوو. هەر بۆیە زمانی ئینگلیزی لە وڵاتە دا برەوی زۆرە. ڕۆژی ٢١ی فێوریە لە بەنگلادێش وەک ڕۆژی شەهیدانی زمان ناودێر کراوە.
لەوکاتەوە کە ڕۆژی ٢١ی فێوریە وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی ناودێر کراوە هەموو ساڵێ لەشوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان ڕێورەسم و کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ ڕێز گرتن لە زمانی زگماکی بەڕێوە دەچێ. بایەخدان بە زمانی زگماکی تا ئەو ڕادەیە بووە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠٨ـی وەک ساڵی زگماکان ناودێر کرد.
بە دڵنیاییەوە خەبات و قوربانیدان لە پێناوی زمانی دایک لە نیو کورد دا مێژوویەکی کۆنتر لە خەڵکی بەنگلادێشی هەیە.
هەر لە سەدەی بیستەم دا کورد بەر لە شەڕی دووهەمی جیهانی لە سەردەمی ڕەزا خان و ئەتا تورک دا لە پێناوی پاراستن و زیندوو ڕاگرتنی زمانەکەیدا گیانی خۆی دەخستە مەترسی سەرباری ئەمەش بە دەیان ساڵ پێشتر، کەوتبووە هەوڵی خزمەتی زمانەکەی و چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە زمانەکەی و لە سۆنگەی ئەم «تاوان»ەوە ئاوارە و پەڕیوەی هەندەران بووە.
ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستانیش، لە ڕۆژی ٢١ی فێوریە دا ئاکادیمیای کوردستان سمینارێک بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە و بۆ باس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی پێک دێنێ.
«کوردستان»یش وەک بایەخدان بە زمانی زگماکی و لە پێشوازی ٢١ی فێوریەدا ئەم پاشکۆیەی ئامادە کردوە کە هیوادارین جێگای ڕەزامەندیی خوێنەران بێ.

لە پاشکۆی تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی زگماکی، ژمارە ٥٧٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

کوردستان کورد

سەرچاوە
Serchawe

یەکبوون
United Kurdistan
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

# سەروەریی نەتەوەیی و دابینکردنی مافی ڕەوای نەتەوەی کورد; لە دروشمی خودموختارییەوە هەتا ئامانجی سەربەخۆیی



نوسینی: حەسەن ماوەرانی

لە سەرەتای چەرخی شازدەهەمی زایینیەوە دەولەتەکانی نەتەوەیی هاوکات لەگەڵ یەکەم شۆڕشی تێکنۆلۆژی(شورشی پیشەیی و زانستی) لە وڵاتەکانی ئینگلیس، بەلژیک، فەڕانسە و سپانیا سەرهەڵدەدەن و شێوازی دەستەڵاتی ئیمپراتوری کۆن بەرەو سەروریی نەتەوەیی نۆی پەرەدەگریَ. بە شۆڕشی فەڕانسە و دانانی یاسای بنەڕەتی و پاراستنی سەربەستی مرۆڤ وەک بەرهەمی ئەو شۆڕشە، دەستەڵاتی دەرەبەگایەتی و پاشایەتی کۆن بەتەواوەتی لە رۆژئاوای پیشەیی و پێشکەوتوو دەکەویتە بەر زەربی دابڕ و بەرەو فەوتان دەڕوا. بەشدار بوونی ئەندامەکانی نەتەوە و تەنانەت هەموو دانیشتووانی وڵات لە دیاریکردنی دەستەڵات و شیوازی دەستەلاتداری، شارێگای گەشەسەندەن و پێسکەوتن لەبەر دەم ئەو وڵاتانە دەکاتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەو گەشانەوە مەیلی دەستدرێژی بۆ سەر سامانی وڵاتەکانی پاشکەوتوو دەبێتە هۆی وەدیهاتنی سیستێمە کۆڵۆنیالیستیەکان کە لەسەر خولیای داگیرکەرانەی ئیمپراتوریەکانی پێشووی خۆیان دەرۆن و پەنجەی داگیرکەرانە و تاڵانکەرانەیان بەرەو چوار قورنەی جیهان ڕادەکێشن. ئیمپراتورییە داپلۆساوەکانی رۆژهەڵات، بەتایبەت عوسمانی و فارس و روس بە جێگەی گەشەدان بە پیشە و زانست و بنەبڕ کردنی دەربەگایەتی و بەرەو پیشچوون، دەکەونە خولیای شەڕ و داگیرکەریی نوێ و ماوەی سێ سەدە پانتای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت نیشتمانی کوردان، دەبێتە مەیدانی شەڕ و شەڕخوازی و لە ساڵی 1539 زایینیدا بۆ یەکەم جار بە ڕەسمی لە نێوان دۆ زلهێزی دواکەوتوو و دژ بە مرۆڤی تورکی سەفەوی و عوسمانی دابەشدەکرێت. یەکەم شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی کوردیش هەر هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریە نێونەتەوییانە دێنە ئاراوە. شورشی خانی لەپزێرین، قەلای دمدم، دەبیتە دەستپێکی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی کورد و سەرەتاییەکی مرۆڤانە و ئازادیخوازانە بەو پەڕی خۆبەختکەری و ئازایەتییەوە کە هەتا ئێستاش دڵی فۆلکلۆری کوردە و چیرۆکی شەوانەی دایکانە بۆ ورەدان بە وەچەی داهاتوو. بەداخەوە دەزگاکانی کۆن و داپلۆساوی میرەکانی کورد ، زۆربەیان بە پرش و بڵاوی و دژایەتی ناوخۆوە کەوتنە بەر هێرشی داگیرکەرانەی عەجەم و تورک و دوژمن بە سێلاوی خوین و بە درۆ و فێلی بەرواڵەت مۆسلمانێتی کە لە هەموو کاتێکدا و هەتا ئێستاش کەڵکیان لێوەرگرتووە و کەڵکی لێوەردەگرن و جاشی پێدەگرن، توانیان هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم سەرجەمی میرایەتیە کوردەکان بروخینن و دەستەڵاتی چەوسێنەرانەیان بەسەرماندا بسەپێنن .

هەڵۆخانی ئەردەڵان بە دەستێ کوری خۆی قۆلبەستکرا و سەربەخۆیی ئەو میرایەتیە کۆتایی پێهات، میرەکانی بابان دەیان ساڵ بە خۆ بەستنەوە بە دوژمنانی کورد لەدژی یەکتر شەریان کرد هەتا دەستەڵاتەکەیان پووکاوە. میرایەتی مۆکریان بە سیلاوی خوین تێکدرا و بەشیکی گەورەی مۆکریان لە مەراغەی ئیستاوە هەتا نیزیک شاهیندژ لە کورد قەلاچۆ کرا و تورکیان لێ نیشتەجێ کرد.(1505-1539 ی .ز) میر محەمەدی سۆران لە ڕەواندز بۆ یەکەم جار دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ڕاگەیاند( 1836/1823ی ز. ) و تیکۆشا کە بە یەکگرتن و پەرە پێدانی پیشە و دانانی خویندگە و نووسینی قانون وڵاتێکی ڕیکو پێک جێبەجی کات. کاتیک دوژمن لەباری شەڕەوە نەیتوانی دایبمرکێنی، ئیسلامەتیان وەک چەک خستە گیانی کورد و مەلا ئیدریسی خاین کە لە فۆلکلۆری کوردیدا بە مەلای خەتیی جاش بەناوبانگە فیتوای لە دژی بەرهەلستکاری میر محەمەد دا و خەڵکی بەستەزمان و نەزانی بە قازانجی سولتانی عوسمانی لە سپای میر محمەد کردەوە و هەرەسی بە میرایەتی ڕەواندز کە دەهات ببێتە یەکەم دەوڵەتی پێشکەوتووی ڕۆژهەلاتی ناوەراست، هێنا. ( کاریکاتۆری مەلای خەتی لەم دووایانەدا لە سولێمانێ دووپاتکراوە و هەمدیسان مەلایەکی فرچکگرتوو بە چلکاوی دوژمن، فیتوای جیهادی وێڕای بانگێ اللەاکبری چەند ڕووناکبیری سەرلێشێواوی چەپ، لەدژی دەستەلاتی بچوکی باشووردا.)دەستەڵاتی سەربەخۆی سولتان جەلال الدینی بەدرخان1953 ز. بە خەیانەتی یەزدانشیر تێکچوو کە ئامۆزای خۆی بوو.کێشەی ناوخۆیی و دووبەرەکی بەداخەوە لەسەردەمی کۆنەوە بەرەو سەردەمی نۆی هەتا دەستپێکی حیزبایەتی وەک نەخۆشیەکی کۆن کە لەڵەشی نەخۆشدا گەرای خستبێ پەلی کێشاوە و زەرەر و زیانی قورسی خستۆتە سەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی کورد. تەنانەت هەتا یستاش شوێنەواری خراپی لەسەر ڕەوتی حیزبایەتی کوردستان بەجی هێشتووە.گەر بمانهەوێ هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ئەم بزوتنەوە ، سەرەڕای خەباتی بێوچانی چەند سەدسالەی نەتەوەکەمان و خاکێکی بەرفراوانی نیو ملیون کیلۆمیتری چوار گۆشە و پتر لە 45 میلیۆن نفوسەوە لێکدەینەوە، وەک هەر بزوتنەوەیەکی هاوجەشنی دوو هۆی سەرەکیی ناوخۆیی و دەرەکیمان بەرچاو دەکەوێ. هۆی دەرەکی واتا داگیرکەران ۆ کۆڵۆنیالیستەکان و سەوداگەرەکانی نەوت و کانیە ژێرزەویەکانە. هۆی ناوخۆیی ویڕای هەلکەوتوویی جوغرافیایی نیشتمانەکەمان کە لە دراوسێیی سێ زلهێزی کۆنی رۆژهەلات واتا روس و تورک و عەجەمدایە، بریتیە لە لاوازی تیگەیشتنی مافی نەتەوەیی و پینەگەیشتنی عەقلی نەتەوەییە کە مەودای داوە بە چەندبەرەکیی ناوخۆیی کورد و روون نەبوونی ستراتێژی خەباتەکەی. سەرەڕای هەستی بەرزی نەتەوایەتی و خەباتی خۆبەختکەرانەی بەردەوام، عەقلی نەتەویی کورد نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە بتوانی لە بارودۆخەکانی تایبەت، بە لێکدانەوەی دروست، ئامانجی سەرەکی خۆی بهێنێتە دی و بتوانی لە ئاستی جیهانیدا مافی رەوای خۆی بچەسبێنی.هەربۆیەش هۆی ناوخۆیی سەرنەکەوتنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، هۆی سەرەکی تێکشکانەکانی پەیتاپەیتای بووە. بە لێکدانەوە و ئاوڕدانەوەیەک بەسەر مێژووی ڕیکخراوەکانی سیاسیی کوردستان، سەرلێشیواوی خەباتکارەکانی نەتەوەکەمان لە هەڵبژاردنی دروشمی سەرەکی و ستراتیژیکمان بۆ دەردەکەوێ و هەر وەها هۆیەکانی لێکترازانی خەبات لە بەشە جیاکراوەکانی نیشتمانمان بۆ روون دەبێتەوە. پێکهاتنی یەکەم ڕیکخراوەکانی سیاسی لەسەرەتای چەرخی بیستەمدا، هیوایەکی نۆیی لە ناخی کۆمەڵانی گەلدا پێکهێنا، بۆ یەکەم جار تێکۆشانی چەند ڕوناکبیری کورد لەدەرەوەی کوردستان بە نۆینەرایەتی شەریف پاشا لە ئاستێ ئۆروپادا توانیان مەسەلەی کورد لەسەردەمی هەلوەشانی ئیمپراتوری عوسمانی بخەنە سەر دەستووری دانیشتنەکانی نێونەتەوەیی و لە پەیمانی سێور (1922ی.ز) لە بەندی 92 دا دان بە مافی نەتەوەیی کورددا هێنرا.



بە پیلانی ئینگلیس و دابەشکردنی کوردستان لە پەیمانی لۆزاندا (هەمانساڵ)، کوردستان کرا بە چوارپارچە و کارتێکەری نێگاتیڤی ئەم دابەشکردنە هەتا ئێستاش هەر زیان دەخاتە سەر ڕەوتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی کورد. لە ئەنجامی ئەو پیلانەدا بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی کورد دابڕ دابڕ بوو و زوربەی تێکۆشەرانی کورد ملیان بە سنورە دەستکردەکانی کوردستان دابوو و لێکدانەوەکانی خۆیان لەبارودۆخی نیشتمان لەسەر بناخەی کێشەکانی جیهانی دووسەرجەمی دادەرشت و مەسەلەی کورد بە گشتی تەنیا لە بارودۆخە دژوارەکاندا کە پارچەیەک لە نێشتمانەکەمانی تووشی مەترسیی کۆمەڵکوژی دەکرد بەرچاو دەبۆوە و پارچەکانی تریشی دەهەژاند. سەرەتای سەدەی بیستەم شۆڕشەکانی پەیتاپەیتای کورد بە لێکهەڵبڕاوی سەرهەڵدەدەن و هەموویان بە ئاواتی سەربەخۆیی بەلام جیا لەیەکتر و بە مەودای زەمانیی کورت لەیەکتر دێنە گۆڕی و سەرکوتدەکرێن. شۆڕشێ شیخ مەحمود ی نەمر و دامەزراندنی میرایەتی سەربەخۆ، 1922/1920ی.ز، لەلایەن ئینگلیسەوە بێبەزەییانە

سەرچاوە
Serchawe

تیکشکا. شۆڕشی سمکۆ ١٩٢٢/ ١٩٣٢ی .ز بە تیرۆری سمکۆ کۆتایی هات. شۆڕشەکانی بارزان لە لایەن ئینگلیسەوە دامرکێندران. کۆماری ئارارات ١٩٣٥ی .ز بە یارمەتی دووقۆڵی تورکیە( لەسەر پاشماوەی ئیمپراتوری عوسمانی ١٩٢٢ی.ز دامەزرا) و ئیران ( کە لەسەر پاشماوەی پاشایەتی عەجەمەکان ١٩٠٥ی.ز پێکهاتبوو) تێکشکێندرا.

دەکرێ بڵیین لەسەرجەمی ڕاپەرینەکانی نیوەیّ هەوڵی سەدەی بیستەمدا، کوردەکان لەسەر مافی ڕەوای نەتەوایەتی واتا سەبەخۆیی کوردستان سوور بوون بەلام ڕیکخستنەکانیان لاواز بوو و بە پرش و بڵاوی و جیاجیا لەیەکتر سەریان هەڵدا و بە یارمەتی ئینگلستان و هاوکاری بەردەوامی دوژمنەکانی کورد، سەرکوتکران . شەڕی دووهەمی جیهانی بارو دۆخی دنیای بەرەو ڕەوتێکی نوێ برد. کۆلۆنیالیستی کۆنی ئینگلیس، لە زلهێزی هەرە مەزنی جیهانەوە کەوتە پلەی نزمەوە و ئەمریکا وەک هێزی هەرە مەزنی رۆژئاوا سەری هەڵدا. ماناى ئەم جێگۆرکی بۆ وڵاتانی سەر بە رۆژئاوای بەستراوە کە زۆربەیان بە شیوازی دەربەگایەتیی دواکەوتوو بەریوەدەچوون، کۆتایی تەمەنی دەسەڵاتی پاشا و سەرکردەکانی دەستەمۆکانی ئینگلیس بوو. لە هەمانکاتدا بەشیکی گەورەی ئوروپا کەوتبووە بەردەست یەکێتی سۆڤیتەوە کە پاش سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا بە روخساری هیوابەخشەوە بۆ گەلانی ولاتانی دواکەوتوو دۆست دەژمێردرا. بەرەی پرش و بڵاوی رۆژئاوا پاش شەرێ دووهەمی جیهانی لەدەوری ئەمریکا دژ بە بەرەی سۆڤیتدا کۆدەبێتەوە و لە لایەنگرانی دیمۆکراسی و خەباتکارانی دژی فاشیزمەوە هەتا کۆنەکادیرەکانی فاشیست هاوڕێ و هاو مەبەست دەکەونە دژایەتی بەرەی رۆژهەڵات کە سۆڤیت بەرێوەبەرایەتی دەکرد . بەمجۆرە پاش شەڕ، شەری سارد دەسپێدەکا کە هەتا کۆتایی سەدەی بیست درێژەی دەکێشی.

لەم بارودۆخە دژوارەدا، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد کە ماوەیەک بەر لەشەڕ پێکهاتبوو دەبووژێتەوە و لە موکریان پەرەدەستێنێ. نەمانی دەستەڵاتی پیاوکوژ و خۆێنخۆر رەزا شا( پەهلەوی) کە لە لایەن ئینگلیسەوە کرابوو بە شای ئیران، بەشێکی لە کوردستانی رۆژهەڵات بە کردەوە سەربەخۆ کرد بوو . لەو دوخەدا کەسایەتی بێ وێنەی کورد ، پێشەوای شەهید قازی محەمەد بە کردەوە کارو باری شاری




مەهاباد و دەور و بەری بەدەستەوە گرتبوو. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد پێشەوا قازی دەکا بە سەرۆک و لەماوەیەکی کورتدا لە کۆرێکی داخراوی بچوکەوە بەرەو حیزبیکی جەماوەری پەرەدەستێنی و دەبێتە مایەی هیوای نەتەوەیەکی بەشخوراو و لەبیر براوە لە چیهاندا. کۆمەڵە بە هەلگرتنی دروشمی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی نیشتمانی پارچەپارچەکراو دەبێ بە مایەی هیوا و ئۆمیدی گشت نەتەوەی کورد و روناکبیرانی کورد بەرەو شارۆچکەی مەهاباد وەرێدەکەون هەتا لەگەڵ کۆمەڵەی پێوەندی بگرن . بارو دۆخی ئەوسەردەم و بوونی هیزی مۆڵدراوی سۆڤێت لە ئازەربایجانی دراوسێ و هێزی ئینگلیس لە بەشی باشوری رۆژهەلاتی کوردستاندا، واتە سنە و کرماشان، بەرێوەبەرایەتی کۆمەڵە بەرەو دۆستایەتی سۆڤێت هاندەدا کە لە ئاست ئینگلیسی وەستای دارێژەری بەشکردنی کوردستان سیمای باش و ناوی باشتری هەبوو. دیارە یارمەتی فەرهەنگی و ناردنی هەندی چەکو چۆڵ بۆ کوردان هەرچەند زۆر بەرتەسکتر بوو لە یارمەتی سۆڤیت بۆ ئازەربایجان، بوو بە هۆی خۆشەوەیستی ئەووڵاتە لەبەر چاو تێکۆشەرانی کوردەوە. لە ئەنجامی ئەو پێوەندیی و دۆستایەتیەوە، دەکرێ بلێین بە گوشار و زەختێ نهێنی سۆڤێتەوە، لەنەکاو کۆمەڵەی ژ.ک کۆتایی پێدێ و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەدایک دەبێ (١٩٤٥ی.ز). بۆ یەکەم جار دروشمی خودموختاری وەک دروشمی سەرەکی بەبێ دیاریبوونی ناوەرۆکێکی روون لە خودموختاری دێتە ئاراوە. بەلام سەرەرای ئەو دروشمە پاش جەند حەوتووان حێزبی دیمۆکراتی کوردستان کۆماری دیمۆکراتی کوردستان دادەمەزرێنی ( دووی رێبەندانی ١٩٤٥ ). قازی محەمەد دەبێتە سەرکۆمار و مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ستادی سپای پیشمەرگە و هێزی بارزانیەکان هێزی سەرەکی کۆمار. بەمجۆرە تێکۆشەرانی کوردی باشور و رۆژهەلات شان بەشانی یەکتر بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەبات دەکەن و سەربەخۆیی کوردستان ئامانجی سەرەکی بووە و خودموختاری هێشتا ووشەیەکی نامۆ و فەرمی.تێکرای کردەوەکانی کۆمار، لە هەموو بەڵگەکانی بەجێماوی وەزارەتەکاندا بە ئاشکرا کۆمارێ کوردستان وەک دەستەڵاتێکی سەربەخۆ ناوزەد کراوە. هەروەها بەبێ بایخدان بە هەوڵەکانی دەوڵەتی ئێران لە تاران، پێوەندی لەگەڵ سۆڤێت دەگیرێ و پەیمانی دۆستایەتی و دیاریکردنی سنور لەگەڵ حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان دەبەسترێ. بازرگانی دەرەوە وەرێدەکەوێ.سەرجەمی کردەوەکانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ، هیچ پێوەندێکیان بە خودموختاری، بە واتا و ناوەرۆکی ئێستاوە، نەبوو. سەرەرای ئەمەش، تواندنەوەی ک.ژ.ک لە حیزبی دێمۆکراتدا، زەربەیەکی قورەسی لە رەوتی سروشتی پەرەسەندنی خەباتی حیزبایەتی دا لە کوردستان لە چەند لایەنەوە، وەشاند. یەکەم، ستراتێژی روونی ژ.ک لەمەر سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی نیشتمانی پارچەپارچە کراو، گۆڕدرا بە خودموختاری، کە تەنانەت بۆ بەرێوەبەرەکانی حیزب و خودی پێشەوا قازیش ناوەرۆکەکەی نامۆ بوو. دووهەم، بەشێکی زۆر لە دەربەگ و سەرۆک عەشیرەتەکانی هەلپەرست هاتنە ریزی بەرێوەبەرایەتی حیزبەوە، لەکاتێکدا هیچ پێوەندیەکیان بە کۆمەڵەوە نەبوو. زوربەشیان پاش نەمانی کۆمار چوونەوە باوەشی دوژمنەوە. تەنانەت هەندێکیان کە لە حیزب و کۆماردا بەرپرسایەتیان هەبوو، سوارەی عەشیرەتەکەیان کردە کەری پێش قەتاری سپای دوژمن. سێهەم، بەرتەسک کردنەوەی رێکخراوەی حیزبی دێمۆکرات بە بەشێکی بچوکی کوردستان لە ئێراندا، سەرەتایەک بوو بۆ لێکهەڵبرانی پێوەندیی نێوان خەباتکارە کوردستانیەکان لە هەموو بەشەکانی داگیرکراوی تری نیشتمانماندا. دانهێنان بە سنوری دەسکرد، ملدان بە سەوداگەریی دوو سەرجەمی دەستەڵات، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات کە بە بی پەیمانی فەرمی لەسەر پاراستنی باری ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەکە پێکهاتبوون، بۆ سەرتاسەری دەورەی شەری سارد، بآڵی ڕەشی بەسەر بیر و مێشکی خەباتکارە کوردەکان و هێزە سیاسیە کوردستانیەکاندا کێشا. گەرچی داسەپاندنی دروشمی خودموختاری و تێکدانی ک.ژ.ک و لەسەر کەرەسەی ئەو، سازدانی حیزبی دیمۆکرات لەلایەن سۆڤێتەوە بە تۆپزی و زەختی زۆردارانە نەبوو، بەڵام زەختێکی سیاسی قورسی بەرواڵەت راوێژکارانە بوو کە لەمتمانەی خەباتکارەکوردەکان ئەوپەڕی کەڵکی نابەجێی وەرگرتبوو. مەیلی لایەنگری لە خەباتی چینەکانی چەوساوە، ناوبانگی سۆڤێت وەک قارەمانی دژی فاشیزم و دۆستی گەلانی ستەملێکراو و چینەچەوساوەکان، دروشمەڕازاوەکانی حیزبە کۆمۆنیستەکان، شەپۆلێکی لایەنگریی بەهێز و متمانە بە سۆڤێتی وەک هێزی پێشرەوی خەباتی دژی کۆڵنیالیستەکان، لەنێو خەباتکارە کوردەکاندا وەرێخستبوو. زۆربەی روناکبیرە کوردەکان لە پارچە جیاوازەکانی نێشتمانی داگیرکراومان یان ببوونە ئەندامی حیزبە کۆمۆنیستی و کرێکاریەکان و یان دۆستایەتی نزیکیان لەگەڵیان پێکهێنابوو. شێوازی چارەکردنی پرسی نەتەوایەتیی سۆڤێت بە دامەزراندن و ڕاگەیاندنی کۆمارە سۆسیالیستیە غەیرە روسەکان لە چوارچێوەی سۆڤێتدا بە پرۆپاگەندەی بە هێزەوە لە ڕوانگەی نەتەوە بێبەش و ژێردەستەکانی کۆلۆنیالیزم و یەک لەوان نەتەوەی کورد دا، ئەو وڵاتەی کردبووە بەهەشتی دادپەروەری و پەرچەمداری ئازادی. بەتایبەت بوونی دابەشکەرانی کوردستان لەبەرەی دژی سۆڤێتدا و دەستەمۆ بوونی دەستەڵاتدارەکانی ولاتەداگیرکەرەکان بۆ ئەوان، هێندەی دیکە رێزی سۆڤێتی لەبەر چاوی گەلی کورد بەرزتر کردبووە. هەڵبەت راستیی چۆنێتی کارایی سیستێمەکە و ڕادەی دەستەڵاتی ڕاستەقینەی کاربەدەستەکانی خۆماڵیی کۆمارەکانی ئەو وڵاتە بۆ خەڵکی هەندەران ئاشکرا نەبوو. بەهەرجۆر سەرەرای کەمایەسیەکانی، لەئاست نەتەوەکانی بندەستی کۆڵۆنیالیستە ڕۆژئاواییەکان لەو سەردەمدا دەسکەوتێکی شاز بوو بۆ گەلانی ئاسیای دوور کە سەدان ساڵ بوو لەژێر چەوسانەوەی پاشا و ئیمپراتورە زۆردارەکانەوە دەچەوسانەوە. بەو هۆیانەوە خەباتکارە کوردەکان و حیزبە کوردستانیەکان دوای رووخانی کۆمار لە هەموو پارچەکانی نیشتماندا ، هاوکاریی و هاوڕێی کۆمۆنیستەکان و حیزبە چەپەکان بە توند و تۆڵی پەرەپێدەدەن. تەنانەت بەشیکی زۆر لە بەریوەبەرە بە ناوبانگەکانی کورد لەسەردەمی شەڕی ساردا، کار و تێکۆشانی سیاسیان لە ناو حیزبە چەپەکان دەسپێکردبوو و لەویدا پەروەردە ببوون.

دوای روخانی کۆمار سەردەمی خەباتی حیزبایەتی لە پارچە لێکدابڕاوەکانی نیشتمان بە جیاوازی دەستپێدەکا و وردە وردە دروشمی خودموختاری و خەبات لە جوار چێوەی وڵاتی داگیرکەردا دەبێتە دروشمی سەرەکی و هەتا کۆتایی دەیەی شەشەمی سەدەی بیست بەتەواوی لەلایەن پارتی دیمۆکراتی کوردستان (باشور) و حیزبی دیمۆکراتێ کوردستان – ئیران (رۆژهەڵات) ەوە تیوریزە دەکرێ. ئەو حیزبانە لە پرۆگرامەکانی خۆیاندا گەلاڵەی بەرنامەی دەوڵەتی خودموختاریان لە چوارچێوەی ئێران و عێراقدا دەستنیشان کردبوو. بەپێی ئەم پرۆگرامانە کوردستانی باشور و ڕۆژهەڵات بەشێکن لە ئێران و عێراق. واتا

سەرچاوە
Serchawe


ڵەچوارچێوەی ئەو وڵاتـانەدا، داوای مافی ڕەوای نەتەوایەتی دەکەن. لەهەمان کاتیشدا مل بەوە دادەنێن کە کاروباری سیاسی دەرەوە، ئابۆری و سپا ( وەزارەتی جەنگ و هێزی سەربازی) بە دەست دەوڵەتی ناوەندیەوە بمێنێتەوە. ( بڕواننە بەرنامەی ح.د.ک.ا پەسەندکراوی کۆنگرەی سیهەم و ڕیککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی نێوان پ.د.ک.ع لەگەڵ دەوڵەتی عیراق.) کەوابوو خودموختـاری دەبێتە ئیدارەی شارەداریەکان و کاروباری فەرهەنگی و بەس. سەرەڕای ئەو داواکاریە بچوکەش دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستان مەگەر لەکاتی لاوازیدا دەنا قەت قـەبولیان نـەکردووە و نایکـەن. بە زاڵبوونی دروشمی خودموختاری ، حیزب و کەسایەتیەکانی بەریوەبەرایەتی کوردیش تووشی کردەوی پارادۆکسی و باری دەرونی دووانە ( کاراکتێری دوئاڵ ) دەبنەوە. لەلایەک خەبات دەکەن بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی و ناتوانن لەئاست بەشەکانی تری کوردستان بێدەنگ بن و لە لایەکی تریشەوە خۆ بە چوارچێوەی جوغرافیایی وڵاتی داگیرکەر دەبەستنەوە. دیارە بارودۆخی جیهانی دوو جەمسەری و جیاکردنەوەی پارچەکانی نیشتمانی لەت لەت کراومان بە تـەل و چەک و سپا، یارمەتی پێکهاتنی ئـەم ڕاهاتنـە بە هەلومەرجی زاڵیـان داوە. لەهەمانکاتـدا ڕوانگەی نالـەباری پشتبەستن بە کـەلکوەرگرتن لـە نـاکۆکی بـەینی داگیرکـەرانی کۆردستان بـوو بـە زامێکـی دەرونیـی نـۆی و نەخۆشیەکـی تـازە سەرهەڵداوی بـەروبۆی خودموختـاری لـە چوارچێـوەی سنورە دەسکردەکانی دوژمنانـدا. بەڵام پاڵدانـەوەی هێزەکـانی کـوردی لە پارچەجیاوازەکانی کوردستان بە داگیرکەرانی بەشەکانی ترەوە بە هەر بیانوویەک و ناوێک بووبی لاڕێیەکی ئاشکرابووە کە بە هیچ چەشنێک و چەمکێک پاساو ناکرێ و گەر گۆڕانکاریەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم لە جیهاندا نەهاتبا ئاڕاوە و کۆچڕەویی کۆمەڵانی بەرفراوانی کوردستانی باشور ویژدان و بیر و ڕای گشتیی ڕۆژئاوای نەهەاژواندبا و ماسمێدیای کوردی لەدایک نەببا، دەکرێ بڵێین کورد دەبوو بە قوچی قوربانیی پیکهاتنەکانی نێونەتەوەیی و ناوچەیی وەک سورپیستەکانی کانادا و ئەمریکامان بەسەردەهات.گەر لەسەردەمی پێکهاتنی کۆماردا، خودمۆختاری واتـایەکی حقوقی تـایبەت و روونی نەبوو و تەنانەت لە بەڵگەکانی نێونەتەوییدا هاوتا لەگەڵ سەبەخۆیی بەکار دەبردرا( وەک بەڵگەنامەی سێڤر)، ئێستا لـەباری کۆمەڵایـەتی و سیاسی و حقوقی نێونەتـەوەیی واتـەی تایبەت بـەخۆی هەیـە. خودموختاری واتە دەستەڵاتێک کە لەلایەن دەوڵەتێکی ناوەندی بە پارچەیەک لە وڵات یان کەمایەتیەکی ئایینی و نەتەوەیی دەدری و سنوورەکانی دەستەڵاتەکەشی لەلایەن دەوڵـەتی ناوەندیەوە دیـاری دەکرێ. هەربۆیەش وەرگرتنی خودموختاری لە چوارچێوەی ئیران یان تورکیا و ... دا نابێتە وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و داگیر کەر، وەک سەدام و خومەینی لە هەرساتێکدا بە بۆمبای کیمیاوی و فیتوای جیهاد، فەرمانی قەلاچۆی کوردان دەردەکا.بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتیی کورد ڕێگایەکی سەختی لە پێشە بۆ شوردنەوەی ئاسەواری کارتێکەریەکانی ئـەو دروشمە لەسەر مێشکی وەچەی ئیستای کورد. بۆ سەلماندنی واتـای ڕاست و بێخەوشی مافی نەتەوایەتی کە تەنیا سەربەخۆیی و سەروەریی نەتەوەییە. چما ئێستاش هەن کەسایەتی و سەرکردەی کورد کە سەربەخۆیی کوردستان بە خەونی شاعیرانە لەقەڵەم دەدەن و نـای سەلمێنن کە هەر ئەو خەونە شاعیرانەیە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکیان لە حیزبەکانی ئەواندا کۆکردۆتەوە. هەر ئەو شاعیرانەن کە بـەو خەونانـە وەک ئەحمەدی خـانی ، حاجی قادری کۆیی و گۆران و هێمن و هتد.. دەبنە خاوەنی ژیانی ئەبەدی لە مێژووی نەتەوەدا و سەرکردەکان لەبیر دەچنەوە.وەدەستهێنانی مافی فێدراڵی لە کوردستانی باشور لـە ڕاستیدا بـە یەکجاری کۆتایی بە سەروەریی دروشمی خودمۆختاری لە

ناو هێزە کوردستانیەکاندا هێنا. و ئیستا نیزیک بە دەیەکە ئەو ئەزمونە بە کردەوە ڕەچاو دەکرێ. فیدرالیزم کە دەکرێ بڵێین پەرەگرتووی سیستیمەکانی کۆنی ئیمپراتوری و میرایەتیە فرەنەتەوەییەکانە ، بە وەدی هاتنی هەریمە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە دایکبوو و ئیستا لە زۆر وڵاتی پیشکەوتوودا تەنانەت وەک سیستێمێکی ناناوەندی بەکاردەبردرێ و کارایی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام فێدرالیزم وەک شێوەی دیاریکردنی مافی نەتەوایەتی ناکرێ هەموو بوارەکانی مافی نەتەوە دابین بکا. بەتـایبەت بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد کە بە چەندپارچەی جیاواز دابەشکراوە، ناتوانی شێوازی پێوەندی بەینی پارچە جیاوازەکان لەگەل یەکتر وەک وڵاتیک روون کاتەوە. لە فیدرالیزمێکی پێکهاتوو لە هەر چوار پارچەی کوردستان دا دیسان نیشتمان بە دابەشکراوی دەمێنێتەوە کە ئەویش دژە بە مافی ڕەوای نەتەوەیەک و سەرجەم مافی مرۆڤ. بەتـایبەت نەتەوەی کورد بەداخەوە لەگەل وڵاتی پێشکەوتوو و کۆمەڵانی وشیاری ئەو وڵاتـانە رووبەروو نەبۆتەوە. دەستەڵاتدارانی وڵاتە داگیرگەرەکانی کوردستان توێژی هەرە دڕندەی دانیشتوانی ئەو وڵاتـانەن کە نەتەوەی خۆشیان لە ئاستیان ئاسایشی نییە و وڵاتەکانیشیان هەر بەدواکەوتوویی ڕاگرتووە. بەداخەوە لەناو ئۆپۆزیسێۆنی ئەو وڵاتـانەشدا لە ئەنجامی پرۆپاگەندەی حەفتا سالەی دەستەڵاتدارەکان، دانهێنان بە مافی نەتەوەکانیتر بە خەتـایەکی بەرز لەقەڵەم دەدرێ و ناتوانن بیسەلمێنن.بە کردەوە پتر لـە دەسـاڵان پـاش ڕوخـانی دەستەڵاتی سەدام، سەرکردەکانی نۆیی عێراق تەنانەت بستێک لە سیاسەتی بە عەرەبکردنی کوردستان پاشگەز نەبوونەوە و سەرەڕای یاسای پەسەندکراو و بڕیارنامەی فێدرالی ، کـەرکوک و بەشەکانی تـری کوردستانیان نەگەڕاندۆتەوە بۆ سەر هەریمی کوردستان و ئێستاش بەتەمای هەلێکی گونجاون بۆ تێکدانەوەی پەیمانی فێدراڵی. فیدرالیزمی کوردستانی باشوریش بەتەواوەتی و زانستیانە هەموو لایەنەکان ناگرێتەوە. بۆ وێنە لە وڵاتێکی فیدراڵی وەک ئالمان و ئەمریکا، دەولەتەکانی هەریمەکان کانگاکانی سروشتی و سامانی وڵاتی خۆیان بەدەستەوە. بە پێی زیادەمانەوەی مەسرەفەکەی خۆیان لە دابینکردنی بودجەی گشتی وڵاتدا بەشداری دەکەن. بەڵام لە هەریمی کوردستان، ناوەند(بەغدا) هەموو داهاتی نەفتی کوردستانی بەدەستەوە و لەسەتـا سێزدەی دەدا بە کوردستان. بیجگە لەوە، لە وڵاتی فێدراڵیستیی نەتەوەییدا، یاسای بنەڕەتی دەبی بە ڕای بەرانبەری نەتەوەکانی بەشدار بگۆڕدرێ. بەڵام لە عێراق دا بە دوو لەسێی دەنگەکانی پارلمان دەکرێ یاسایَ بنەڕەتی بگۆڕدرێ، واتـا فیدرالیزمیش ڕەتکرێتەوە. لەڕاستیشدا گەر کێشەی سوننە و شیعەی عەرەب تەواو بێ و ئەمریکا لە عێراق نەمێنێ، دەکەوەنە گیانی کورد و فێدراڵیزمیش پێشیل دەکەن. ئاوەزی داگیرکەرانی کوردستان زۆر لەوە نزمترە کە بتوانن تەنانەت لەگەل مافێکی بەرتەسکی فیدراڵیش خۆ ڕێکخەن. دواکەوتوویی لەڕادەبەدەری ئەو وڵاتـانە لە ئەنجامی سەروەریی ملهوڕانەی چەندەها ساڵە بۆتە چەشنێک کولتوری زۆردارانە و خووی دێکتاتۆری.مافی دیاریکردنی چارەنووس، لە سەدەی ١٩ هەمدا وەک مەسەلەیەکی گرینگی کۆمەڵگای مرۆڤ هاتۆتە ناو باسانەوە. و بەڕای هەموو زانایان وەک لێنین لە کتێبەکەی خۆیدا هەر بەو ناوە پەنجەی بۆڕادەکێشی و لە چارتـای مافی مرۆڤیشدا باسیکراوە بریتیە تەنیا و تەنیا لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی. واتـا سەربەخۆیی. سەرجەمی ڕەوتی بزاڤی کورد دەیسەلمێنێ کە نەتەوەی کورد پێویستیی ژیانیی بە هەولی بێوچانە بۆ دامەزراندنی دەستەڵاتی سەربەخۆ و دابینکردنی سەروەریی نەتەوەیی. دیارە بارودۆخی ئیستای جیهان مەودایەکی بەرفراوانی بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ڕەخساندووە . ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژێ ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەست و باڵی ئاواڵەتر دەبێت بۆ پاڕاستنی لایەنە جیاوازەکانی مافی مرۆڤ. ڕاستە کە قازانج و بەرژەوەندی وڵاتە زلهیزەکانی ئۆروپا و ئەمریکا لە زۆر بوارانـدا کـار دەکاتـە سەر بڕیاردانی ئەم ڕێکخراوەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا، قازانج و بەرژەوندی گەلانی چەوساوە بە دەست دیکتاتۆر و ملهوڕەکانیش لەبەرچاو دەگیرێ. دەستی دادگای لاهە بۆ سزادانی تـاوانکارەکانی دژ بەگەلان هەتا دێ ئاوالـەتر دەبیتەوە. لەم بارو دۆخەدا مەسەلەی کورد کە هیچ کاتێک لە چوارچیوەی ناوچەییدا چارە ناکرێ ، مەسەلەیەکی ژێئۆپۆلیتیکی نێو نەتەوەییە و تـاقە ڕێگای چارەکردنی کەڵکوەرگرتنە لە دەزگاکانی نێونەتەوەیی. نەتەوەی کورد پێویستی بە دەزگایەکی ئەوتۆ هەیە کە بتوانێ لە ڕادەی نێو نەتەوەییدا ئەم ئەرکە بەڕێوە بەری و بەردی بناخەی پرۆژەیەکی وەها بڕواکردنە بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی سەروەریی نەتەوەیی. بڕوایەکی دابڕی هێزە سیاسیەکانی کورد بەم ئامانجە شارێگای هاوکاری و یەکێتی نەتەوەیی بۆ هێزە سیاسیەکانی کوردستانی خۆش دەکا و بەرژەوەندی نیشتمان و نەتەوە بە لایانەوە لە بەرژەوەندی حیزبایەتی پیرۆزتـر دەکـا. سەربەخۆیی تـاقە شێوازی دابینکردنی مافی ڕەوای نەتەوایەتیە بـو بـۆ گەیشتن بـەم ئامانجە یەکیتی گشت هیزەکوردستانیەکان ئەرکی نیشتمانیپەروەرانەیە.

سەرچاوە: ڕۆژهەلات تایمز

# ڕاپەڕینی خێڵەکانی جەلالی دژی ڕێژیمی شاهەنشاهی لە ئێران (١٩٣٠-١٩٣١)

د. یاسین سەردەشتی



خێڵی جەلالی یەکێکە لە مەزنترین کۆنفیدراسیۆنە خێڵەکییە کوردەکانی ناوچەی سێگۆشەی سنووری نێوان ئێران، تورکیا و ڕووسیا. ئەندامەکانی ئەم کۆنفیدراسیۆنە لە ناوچەکانی چیای ئاگری داغی مەزن لە باکووری کوردستان و لە ئاگری داغی بچووک و ناوچەی ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژیان. وێڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆریشیان لە ناوچەی قەوقاز و ئەرمەنستانی سۆڤیەتیدا نیشتەجێببوون، بەشێکیشیان لە باشووری کوردستان و هەرێمی شارەزووردا دەژیان[١].

شایەنی باسە، خێڵی جەلالی بەسەر زیاتر لە چل تیرەدا دابەش بووە کە هەر یەک لەوانیش بەسەر چەندین تایفە و بنەماڵەدا دابەش بوون. گرنگترین تیرەکانی ئەم خێڵە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نیشتەجێن، بریتین لە: خلیکانلو،علی محولی، جلیکانلو، قەندکانلو، ئوتایلو، حسو خلف، ساکان، مصرکانلو[٢].

ئەم خێڵە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ژیانێکی نیمچە کۆچەری بەسەردەبرد. بەڵام ڕەوتی کۆچەکەیان شێوازێکی ڕێک و دیاریکراوی هەبوو. لە وەرزی زستاندا ڕوویان لە ناوچە سنوورییەکانی ڕووسیا و دەوروبەری ڕووباری ئاراس دەکرد و لە بەهاریشدا دەگەڕاوە ناوچەی سیاچەشمە کە دەکەوێتە نزێک سنووری ئێران و تورکیا[٣]. ئەندامەکانی خێڵی جەلالی بە ئازایەتی ناوبانگیان دەرکردووە و زۆر شانازی بە خۆیان دەکەن و زێدی خۆیان خۆشدەوێت، ئەوان زۆر حەز بە ئازادی دەکەن و لە ڕووی ئایینەوە موسڵمانی سوونەن و بە کەسانی ئاینپەروەر ناسراون[٤].

ئاشکرایە کە جەلالییەکان سەری ڕم و سووتەمەنیی سەرەکی ئەو ڕاپەڕینە نەتەوەییە بوون کە حیزبی خۆیبوون لە باکووری کوردستان و ناوچەی ئاگری داغی گەورە لە ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠ بە دژی حکومەتی فاشیستی تورک هەڵیگیرساند. ئەو حکومەتی کە بۆ لەنێوبردنی ئەو ڕاپەڕینە توندترین پەلاماری خوێناوی و کۆمەڵکوژی گرتەبەر و پاش وەدەستهێنانی هاوکاری و پاڵپشتی دەوڵەتانی دراوسێی وەک ئێران و یەکێتیی شورەوی، توانی شکست بە ڕاپەڕیوان بهێنێت و ناوەندی ڕاپەڕینەکە لە چیای ئاگری داغی گەورە لە ١٠ی سپتامبری ١٩٣٠دا داگیر بکات[٥].

پاش شکستی ڕاپەڕینەکەی خۆیبوون لە باکووری کوردستان و گرتنی ئاگری داغی گەورە لەلایەن هێزەکانی تورکەوە، احسان نوری پاشا، سەرکردەی ڕاپەڕینی ئاگری، ناچار بوو پاشەکشە بکات و سنووری دەستکرد ببەزێنێت و وەک پەنابەر خۆی بداتە دەستی هێزەکانی ئێران. فەرماندە و جەنگاوەرانی دیکەی کورد، بەتایبەت ئەوانەی سەر بە خێڵی جەلالی بوون، وەک ئەیوب ئاغا، شێخ تاهیر، فەرزەندە، ئیبراهیم ئاغای ناسراو بە برو حسکی تللو و تایەر ئاغا پاشەکشەیان کرد و بێ ئەوەی خۆ تەسلیم بە ئێرانییەکان بکەن، پەنایان بردەبەر تیرەی خلیکانلوی خێڵی جەلالی و لای خالید ئاغا. تیرەکەی خالید ئاغا لەم قۆناغەدا کە خەریکی کۆچ و بار بوون بۆ گەرمێن لە ناوچەی تانەلی، لەلایەن فەرماندەی هێزەکانی ئێرانی لە ماکۆ پێشگیرییان لێکرا و حسۆی ئەیوبی ئامۆزای خالید ئاغایان کوشت؛ ئەوەی وای لە خالید ئاغا کرد پەلاماری هێزە ئێرانییەکان لە ناوچەکەدا بدات و پاسگای تنگ کاجوت بگرێت و ژمارەیەک لە سەربازان و ئەفسەرانی لەشکری ئێران بە دیل بگرێت و بەزۆر خۆی بگەیەنێتە گەرمێنی تانەلی. ئەمەش سەرەتای پێکدادان و پێکهەڵپرژاندنی ئەم قۆناغەی نێوان کورد و هێزەکانی ئەرتەشی ئێرانی لە ناوچەی ئاگری داغی بچووک کە لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا بوو، پێکهێنا[٦].

ئەوەی زیاتر حکومەتی ئێران و کاربەدەستانی تارانی تۆقاند ئەوە بوو کە بەشێکی دیکە لە تیرەکانی خێڵی جەلالی وەک حسنلو و حیدرانلو کە بە پێی سیاسەتی ڕەزاشا لە دوورخستنەوەی خێڵە کوردییەکان لە سنوور و گواستنەوەیان بۆ ناوچەکانی ناوەوەی ئێران دەبوایە لە ناوچەکانیان هەڵبکەنرێن، ئەوانە دژی ئەو پرۆسەیەی دەوڵەت و سیاسەتە وەستابوونەوە و چوونە پاڵ خالید ئاغا و جەنگاوەرانی ئارارات؛ مەسەلەیەکی وا کە حکومەتی ئێرانی تووشی شۆک کرد[٧].

سەرلەشکر مەحمود امین کە فەرماندەیەکی سوپای ئێرانە، باس لەوە دەکات کە تیرەکانی خێڵی جەلالی و جەنگاوەرانی ئارارات لە سەرەتادا ئامادەییان نیشاندا کە بە پێی یاسای پەناهەندەیی بەرەو ناوچەکانی ناوەوەی ئێران بگوێزرێنەوە بەڵام چاوچنۆکیی هێندێک لە مەئمورەکانی دەوڵەت و دەستدرێژییکردنیان بۆسەر گیان و ماڵ و نامووسی ئەوان ژمارەیەکی زۆری لە کوردەکان هاندا کە سەرپێچی لە فەرمانی دەوڵەت بکەن و بدەنە بەندەنێ[٨].

حکومەتی ئێران کە کەمێک پێشتر لەڕێگای دەزگا ڕەسمییەکانییەوە و لە مەجلیسدا ڕایگەیاندبوو کە شتێک نییە لە ئێراندا بە ناوی کێشەی کورد، و توانیبووی بەدرێژایی ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم لەڕێگەی پەلاماری ئەرتەش و سەرکوتەوە جووڵانەوەکانی کوردستان لەنێوبەرێت، سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی سەرلەنوێی پێدادانی چەکداری و نافەرمانی جەلالییەکان زۆر داخدار بوو. ئێرانییەکان کە لە سەرەتادا چاوەڕێی ئەو ڕاپەڕینە توندەی کوردەکانی جەلالی نەبوون و هێزێکی گەورە و تۆکمەیان لە ناوچەکەدا نەبوو، داوایان لە تورکەکان کرد کە هێزی سەربازی بنێرنە ئەمدیو سنوور تا بە هەماهەنگی هەردوو لا ئەو جووڵانەوەیە سەرکوت بکەن[٩].

تورکەکان کە زۆر نەبوو خۆیان لە ڕاپەڕینێکەی ئاگری و خۆیبوون ڕزگار کردبوو، سەرقاڵی دامەزراندن و قایمکردن و بەهێزکردنی پاسگا سنوورییەکانیان بوون و حەزیان نەدەکرد جارێکی دیکە پریشکی ئەو جووڵانەوەیەی جەلالییەکانی ئێران بۆ تورکیا بپەڕێتەوە، وەڵامێکی موسبەتی ئێرانییەکانیان نەدایەوە. جگە لەوە تورکەکان دەیانویست ئێرانییەکان بە جۆرێک بەو جووڵانەوەیەوە گیرۆدە بن تا بە جیددی بگەنە ئەو باوەڕەی کە هەماهەنگیی ستراتیژی لەگەڵ تورکیا بکەن بۆ لێدانی جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورد و مل بدەن بە چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکانی نێوان هەردوو لا بە قازانجی تورکیا.

حکومەتی ئێران بەخێرایی کەوتەخۆی و هێزێکی سەربازیی گەورەی لە ناوچەکەدا کۆکردەوە. هەروەها ئابڵوقەیەکی سەربازی و ئابووری بەسەر ڕاپەڕیوانی کورددا سەپاند و بە مەبەستی فراوان نەبوونی ڕاپەڕینەکە کەوتە چۆڵکردنی دانیشتوانی ناوچەکە و لە ناهەموارترین بارودۆخدا و گواستنەوەیان بۆ ناوچەکانی ناوەوەی ئوستانی ئازەربیجانی ڕۆژئاوا. شایەتحاڵێک دەڵێت: "حکومەت دەستیکرد بە کۆچاندنی بنەماڵەکان و خێزانی جەلالییەکان، ئەو خێزانانەی کە بەدرێژایی ١٠کم ڕیزیان بەستبوو ئەوەندە زۆر بوون کە ژماردنیان کارێکی ئاسان نەبوو"[١٠].

هەروەها افشار، مێژوونووسی ئێرانی، دەڵێت کە ئەو خێزانانە بە فەرمانی ڕەزاشا لە شوێنەکانی خۆیان هەڵکەنران و بۆ ناوچە دوورەکانی نێو ئێران دوورخرانەوە و بەشێکیان بردرانە تاران. کۆچاندنەکە لە هەلومەرجێکی ئەوەندە خراپدا جێبەجێ کرا کە بووە هۆی مردن و لەنێوچوونی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان، بەتایبەتی لەنێو منداڵ و ژنان و پیاوە پیر و بەتەمەنەکانیان[١١].

لە کۆتایی زستانی ساڵی ١٩٣٠دا سرتیپ حسن مقدم، فەرماندەی لەشکری شمال غرب ی ئێران، لابرا و سرتیپ محمد خانی محتشمی لە جێگای دانرا. فەرماندەی نوێ هێزێکی سەربازیی زۆری کۆکردەوە بۆ هێرشکردنەسەر ڕاپەڕیوە کوردەکان لە گوندی ئاق گل کە فەرزەندە و ئیبراهیم ئاغا و شۆڕشگێڕەکانی ئاگری داغی لێبوون. سوپای ئێرانی پاش شەڕێکی زۆر قورس و بەخشینی کوژراو و بریندارێکی زۆر ئاق گل ی گرت و جەنگاوەرانی کوردی ناچار کرد بەرەو بەرزاییەکانی سنووری تورکیا پاشەکشێ بکەن[١٢].

هەروەها لە ٢٩ی ئایاری ١٩٣١ لە پێکدادانێکدا لە نێوان گوردانی دووی لەشکری شیمال غەرب و جەنگاوەرە کوردەکان، سەرگورد حسن قویدل، فەرماندەی گوردانی دوو، کوژرا. لە سەرەتادا هێزەکانی ئێرانی بەخێرایی پێشڕەوییان کرد، جەنگاوەرانی جەلالی لەژێر سەرکردایەتی ئیسماعیل ئاغای جەلالی دژەهێرشێکی پێچەوانەیان کردەسەر سوپای ئێرانی پەلاماردەر و زیانێکی زۆریان پێگەیاندن. بە پێی قسەی سەرهەنگ کەریم خانی سیاح، فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانە سنوورییەکانی ئێران، کوردەکان ١٢٤ سەربازی ئێرانییان کوشتووە و زیاتر لە ٢٠٠-٤٠٠ سەربازی دیکەیشیان بە خەستی بریندار کردووە. بەڵام لەڕاستیدا زیانەکانی سوپای ئێرانی لەم پێکدادانەدا زۆر لەوە زیاتر بوو. لەو بارەیەوە یەکێک لە پەیامنێرە ئینگلیزەکان دەڵێت کە زیانەکانی سوپای ئێرانی سێ هێندەی ئەو ژمارانەن کە سەرهەنگ سیاح باسی لێوە کردوون[١٣]. د. سعید بدل زیانەکانی لەشکری ئێرانی بە ٧٠٠ لەقەڵەم داوە[١٤]، لە کاتێکدا زیانی جەنگاوەرانی کورد تەنیا ٧ کەس بوو.

سەرچاوە Serchawe

حکومەتی ئێرانی کە پاش ئەو زیانە زۆرە ورەی سەربازانی دابەزیبوو، کەوتە سەرزەنشکردنی تورکەکان و بەوە تاوانباری کردن کە گوێ نادەنە ئاژاوەی کوردەکانی سنوور و ئامادەی هاوکارییکردنی ئێران نین بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕاپەڕینی جەلالییەکان و ڕەهەندە خەتەرناکەکانی بەردەوامبوونی ئەو ڕاپەڕینە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان تێناگەن. هەر بۆیە ئێران لەلایەن خۆیەوە هەوڵێکی دیپلۆماسیی و تەبلیغاتیی و خۆئامادەکردنێکی سەربازیی لە پێناوی هەرچی زووتر کۆتاییپێهێنانی ڕاپەڕینی کوردە جەلالییەکانی دەستپێکرد. حکومەتی ئێران سرتیپ محتشمی لابرد و سەرهەنگ کلبعلی خان نخجوانی کردە فەرماندەی گشتی و هێزێکی ٦٠٠٠ سەربازی و نزیکەی ١٢٠٠ جاشی غەیرەنیزامی دەرەبەگە شاپەرستەکانی کوردی خستەبەر دەست. ئەمەو جگە لە بەکارهێنانی چەند فڕۆکەیەکی جەنگی بۆ هاوکاری و پشتگیری پەلاماری هێزی پیادە و لێدانی جەنگاوەرانی کورد و خێزانەکانیان لەو ناوچە سەختانەی بە ئاسانی دەستی ئەرتەشیان ناگاتێ[١٥].

جەنگاوەرانی کوردە جەلالییەکان ژمارەیان خۆی لە ٦٠٠-٧٠٠ جەنگاوەر دەدا. ئەوانەی کە نزیکەی ٣٠٠ شۆڕشگێڕی ڕاپەڕینەکەی ئاگری داغی باکووری کوردستانیشیان هاتبووە پاڵ و بە تفەنگ و چەکی سووک چەکدار بوون و بە شێوەی دەستەی چەکدار دابەش و ئامادەی جەنگی لەناکاو بوون. ئەوان لەژێر سەرکردایەتی برو حسکی تللو دا بوون و فەرزەندەش وەک جێگری فەرماندە هەڵدەسووڕا. ئەو فەرزەندەیەی کە دەڵێن کاتێک ڕەزا شا گوێی لە ناوی دەبوو لەشی داخ و ڕووخساری گرژ دەبوو[١٦].

هێزەکانی ماکۆ بە فەرماندەیی سەرهەنگ نخجوان بە مەبەستی هێرشکردنەسەر تایفەی حاجی ئیسماعیل ناوری جەلالی کە لەگەڵ ژمارەیەک لە شۆڕشگێڕانی ئاگری داغ لە بەرزاییەکانی شێخ بوون، لە ناوچەی سیاچشمە کۆبوونەوە. هەروەها لە سەرەتای جولایی ساڵی ١٩٣١دا ستونێکی ئێرانی هێرشی کردەسەر ناوچەی زیوی خواروو و بەرزاییەکانی دومانلو، و توانیان ئەیوب ئاغا بکوژن و جەنگاوەرانی کورد ناچار بکەن بەرەو قرخ لار پاشەکشە بکەن. هێزەکەی سەرهەنگ نخجوان پاش ئامادەبوون هێرشێکی توندی کردەسەر ڕۆژهەڵاتی بەرزاییەکانی ساری ئاجاق و شەڕێکی خوێناوی و دەستەویەخەیان لەگەڵ کورداندا کرد. لە ئاکامدا هێزەکانی ئێرانی بەرزاییەکەیان گرت و بروحسکی تیللو، سەرکردەی ناسراوی کوردیان، لەو شەڕەدا کوشت. دیارە کوردەکانیش بەرگرییەکی سەختیان کرد و وێڕای گەیاندنی زیانێکی زۆر بە هێزەکەی ئێران توانیان سەرهەنگ نخجوان، فەرماندەی لەشکری شمال غربی ئێران بکوژن[١٧].

پاش کوشتنی نخجوان سەرهنگ محمود خانی امین شوێنی گرتەوە. ناوبراو سەرەتا دەیویست لەڕێگەی سیاسەتی ڕازیکردن و گفتوگۆوە ڕاپەڕیوە کوردەکان وا لێ بکات چەک دانێن و بەرزاییەکان چۆڵ کەن و ئامادە بن ڕوو لە ناوچەکانی ناوەوەی ژێردەسەڵاتی ئێرانی بکەن. بەڵام پاش ئەوەی ڕەزا شا سەردانی ئوستانی ئازەربایجانی کرد و چاوی بە محمود خان کەوت، داوای لێکرد لەڕێگەی هێز و پەلاماری سەربازی و بەکارهێنانی ئەوپەڕی توندوتیژی و قەڵاچۆکردن سەر بە جەنگاوەرانی کورد دانەوێنن. تا ئەو نامەیە بگەیەننە تورکیا کە ئێران هەمیشە ئامادەیە لە پێناو دژایەتییکردنی هەر جووڵانەوەیەکی کورداندا بەوپەڕی توندی و شێلگیرییەوە ببزوێتەوە. مەسەلەیەکی وا کە لەسەر نزیکبوونەوەی ئێران و تورکیا و ڕێکەوتنیان کاریگەریی دەبێت.

هەر بۆیە لێرەبەدواوە سەرهنگ محمودخان کەوتە کۆکردنەوەی هێزەکانی و بە دوو قۆڵ کە هەر یەکەیان لەژێر فەرماندەیی فەرماندەیەکی هار و دڕی دژ بەکوردی وەک سەرهنگ میرحسین هاشمی و سەرهنگ هوشمند افشاردا بوون کەوتە هێرش و پەلاماردانی ڕاپەڕیوانی کورد، کە پاش کوشتنی بروحسکی لەژێر سەرکردایەتی فەرزندەدا بوون. ئەم هێرشەی سەرهنگ محمود خان کە لە ١ی نۆڤەمبری ١٩٣١دا دەستپێیکرد توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و ناوچەکە لە جەنگاوەرانی کورد پاک بکاتەوە. ئەویش پاش بەخشینی زیانی زۆر و کوشتنی چەند سەرباز و دەرەجەداری ئێرانی وەک: سەرگورد حسن بنی صدر و سروان عزیز الله بدرخان[١٨]. دواتریش لە پیلانێکدا ئێرانییەکان توانیان فەرزەندە، ڕابەری جەنگاوەرانی کورد، بکوژن.

هاوکات لەگەڵ دوایین پەلامار و جووڵانەوە سەربازییەکانی ئەرتەشی ئێراندا، دیپلۆماسیی ئێرانی بە نزیکبوونەوەی لە تورکیا و بەستنی ڕێککەوتننامەیک بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی سنوور و پابەندبوون بە هاوپەیمانێتی و کاری هاوبەش دژی هەر هەوڵ و تێکۆشانێکی نەتەوەیی کورد سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا. توفیق رشدی، نوێنەری تایبەتی تورک لە تاران، دوای ئەم سەرکەوتنانەی ئەرتەشی ئێران بەسەر ڕاپەڕیوەکانی کورد و کوشتنی سەرکردەکانیان ڕایگەیاند: "مەسەلەکانی سنوور بە شێوەیەکی ڕەزایەتبەخش کە بەرژەوەندییەکانی ئێران و تورکیای هەردووک بەتەواوی هێناوەتەدی یەکالا و چارەسەرکرا"[١٩].

بە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی خێڵی جەلالی دوا ڕاپەڕینی چەکداریی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٣٩ دژی ڕێژیمی شاهەنشاهی ستەمکار کۆتایی هات. بەڵام ئەو فاکتەر و پێکهێنەرانەی دەبوونە مایەی بێزاریی کورد و ڕاستبوونەوەیان، نەک هەر مانەوە، بگرە زیاتر و قووڵتریش بوونەوە لە ئەنجامی سیاسەتی سەرکوت و تواندنەوەی نەتەوایەتی و زۆرداری چینایەتی کە ڕێژیمی ئێرانی سەبارەت بە گەلی کورد پیادەی دەکرد؛ مەسەلەیەکی وا کە بووە هۆی ئەوەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لەگەڵ هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانیدا پێ بنێتە قۆناغێکی پێگەیشتوو تر.

سەرچاوەکان
[١] هنری فیلد و ئێ ج ە ی. ئار، هۆزەکانی کورد، وەرگێڕان و ئامادەکردنی حسین ئەحمەد جاف، بەغدا، چاپخانەی دار الحریە، ١٩٨٦، ل. ٨٠.
[٢] ایرج أفشار سیستانی، نگاهی بە آذربایجان غربی و آثار باستانی و جمعیت شناس آن، أنجمن آثار ملی، چاپ ١٣٤٩ه. ش، ص. ١٨٥.
[٣] د. محمد جواد مشکور، نظری بە تأریخ آذربیجان غربی و آثار باستانی و جمعیت شناس آن، انجمن آثار ملی، تهران، چاپ ١٣٤٩ ش، ص. ١٨٠.
[٤] أیرج أفشار، سەرچاوەی ناوبراو، ل. ٥٧٠.
[٥] بۆ زیاتر: د. کریمە عبدالرحیم، الحرکە الکردیە فی ترکیا من ١٩١٨-١٩٢٧، مرکز دراسات العالم الثالث، بغداد، ١٩٨٩، ص. ٩٤-١٠٠. هەروەها: مذکرات احسان نوری پاشا، انتفاظە آغری (١٩٢٦-١٩٣٠)، ترجمە: صلاح برواری، ط ١، بیروت، تموز ١٩٩٠.
[٦] کاوە بیات، شورش کردهای ترکیە و تأثیر آن بر روابط خارجی ایران. ١٣٠٧-١٣١٠ ه. ش، چاپ اول، تهران، ١٣٧٤.
[٧] کورتە مێژوویەک لە جووڵانەوە نەتەوەییەکانی کورد، کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ٩١، جۆزەردان و پووشپەڕی ١٣٦٣ ش، ل. ٢١.
[٨] سرلشکر محمود امین، خاطرات، مهنامە ارتش شاهنشاهی، فروردین١٣٥٤، شمارە ١، ص. ٩٦.
[٩] کورتە مێژوویەک لە جووڵانەوە نەتەوەییەکانی کورد، کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ٩١، ل. ٢١.
[١٠] کریس کۆچێرا، مێژووی کورد لە سەدەی (١٩-٢٠) دا، وەرگێڕانی محمد رەیانی، چاپی دووەم، ڕێبەندانی ١٣٦٩، ل. ١٧٢.
[١١] أیرج أفشار، سەرچاوەی ناوبراو، ل. ٥٦٥.
[١٢] سرهنگ احمد احتسابیان، تأریخچە و نیروی تامینیە، "ارتش ایران"، مجلە ارتش شاهنشاهی، ٣-١، سال پنجم، فروردین- خرداد ١٣٢٥، ص. ١٨-١٩.
[١٣] کریس کۆچێرا، سەرچاوەی ناوبراو، ل. ١٧٣.
[١٤] د. سعید بدل، تأریخچە و جنبشهای ملی کرد از قرن نوزدهم تا پایان جنگ دوم جهانی، انتشارات مرکزی حدکا، ١٣٥٧ش، ل. ١١٤.
[١٥] هەمان سەرچاوە.
[١٦] عثمان خواکەرەم، زرنگ، بەچکە شێرانی کورد، بەغدا، چاپخانەی دار الحریە، ١٩٨٧، ل. ٢٥.
[١٧] سرتیپ قلی بیگلری، خاطرات یک سرباز، تهران، چاپخانە ارتش، ١٣٥٠، ص. ٧٨.
[١٨] بۆ زیاتر: هەمان سەرچاوە، ل. ٧٩-٨٥.
[١٩] اطلاعات، ٢٦ دی ١٣١٠.

٢٠٠٧.٠١.٢٦

سەرچاوە
Serchawe

# جەژنی ڤالنتاین

توێژەری دەروونی : تەلار کمال مدحت رەشید خەزنەدار
جێگری سەرۆکی سەنتەری راوێژکاریی خێزان

چیرۆکی جەژنی ڤالنتاین ،یاخود رۆژی خۆشەویستی ،چیرۆکێکەکەلەسەرتاسەری جیهان ناسراوە و گەنجانی هەر یەک لە وڵاتان بەجۆرێک یادی ئەم رۆژە دەکەنەوە ،هەروەک لەمێژودا دەگێرنەوە لەکۆتایی سەدەی سێهەمدا و لەسەردەمی ئیمبراتۆر کلۆدیس ئیمبراتۆری رۆمانیا قەشەیەک دەبێت کەبە ڤالنتاین ناسراوە هاندانی پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری گەنجان و پاڵپشتی ئەوین و خۆشەویستی دەبێت.ئەمە لەکاتێکدایە کە ئیمبراتۆر بەپێی فەرمانێکی فەرمی رێگرە لەئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری گەنجان و خۆشەویستەکان و بەپێی دیدو بۆچونی ئیمبراتۆر لەو سەردەمەدا پێی وابوە گەر بێتو گەنجان هاوسەرگیری بکەن ،ئەوا دەبێتە هۆی ناچالاکی و سستی تواناکانی گەنجان و حەزکردنیان بەمانەوەیان لەتەک ژنەکانیاندا ئەمەش لەکاتێکدایە کە دەوڵەت سەرقاڵی جەنگ دەبێت و بریاری نەفیری گشتی لەسەرتاسەری دەوڵەت بۆبەشداریکردنی سەرجەم گەنجان لە جەنگدا دەردەکرێت .بەڵام قەشە ڤالنتاین بەبۆی گوێدانە بریاری ئیمراتۆر هاندەر و پاڵپشتی ئەوین و هاوسەرگیری گەنجان بوە و لە ئەشکەوتە تاریک و نهێنیەکاندا لەرێگەی پرۆسەی هاوسەرگیریەوە چەندەها ئەوین و گەنجانی بەیەک گەیاندوە کاتێک ئیمبراتۆر کلودیس بەم هەڵسوکەوتەی قەشە ڤالنتاین دەزانێت بریاری گرتنی و




خستنە ناو زیندانیەوە دەردەکات ،بەمجۆرە قەشەی ناوبراو دەخرێتە زیندانەوە لەم کاتەدا قەشە ڤالنتاین دەکەوێتە ئەوینی کچێکی نابینا کە کچی یەکێک لەلێپرسراوانی سەرپەرشتیاری زیندانیەکە دەبێت ،هەروەها دەگێرنەوە بەهۆی خۆشەویستی براوی ڤالنتاین لەپێش ئەوەی بمرێت چاوی خۆشەویستەکەی چاکدەکاتەوە و نامەیەکی بۆدەنوسێت لە ڤالنتاینەوە .بەمجۆرە لەرۆژی ١٤ شبات ساڵی ٢٧٠ کەپشوی بەهاری رۆمانیا دەبێت بەپێ بریاری ئیمبراتۆر، ڤالنتاین بەردباران دەکرێت و سەری لێدەکرێتەوە و سەرجەم گەنجان و خۆشەویستان لەم رۆژەدا بەچەپکە گوڵ ئامادەبن ،لەراستیدا رۆژی بەهار لەرۆمانیا دەکەوێتە ١٥ شبات بەڵام کاتێک رۆمانیا ئاینی مەسیحی تێدا پەیرەوکرا رۆژە گۆراو بوو بە بۆ١٤ شبات وبەیادێکی دینی مایەوە تاکو ساڵی ١٩٦٩ کەلەلایەن پاپا بولیسی شەشەم لەپشویەکی کەنیسەوە گۆرا، بەڵام گەنجان بەردەوامبون لە یادکرنەوەی ئەم رۆژەو هەریەک بەجۆرێک پێشوازی ئەم یادەدەکات وەک ئاڵوگۆرکردنی گوڵ و ناردنی کارت و ماچ ..........لەنێوان خۆشەوستەکاندا لەسەرتاسەری جیهاندا .

وەلەگەڵ کرانەوەی کۆمەڵگەو گەشەسەندنی بەرەو عەلمانیەت و تەکنەلۆجیا رۆژی ڤالنتاین لە هێمایی دینیەوە گۆرا بوو بە هێمای خۆشەویستی و خۆشترین هەستیش ئەو ساتەیە تاک هەست بەخۆشەویستی خودی بۆبەرامبەرەکە بکات و باڵاترین هەستیش بریتیە لەوەی تاک یەکێکی خۆش بوێت و بەرامبەرەکەشی هەمان هەستی هەبێت .

لێرەدا دەمەوێت بڵێم ئەم یادە لەساڵانەی دواییدا لەکوردستاندا گەنجەکان و خۆشەویستەکان بەجۆرێک پێشوازی لێدەکەن لەپێناو گۆرینەوەی هەستەکانی خۆشەویسیتە لەنێوان یەکتردا. هەرچەندە گەنجان جیاکاری ناکەن لەنێوان حەزلێکردن خۆشەویستی تەنانەت هەندێکیان یادی ئەم رۆژەش دەکەنەوە بەبێ ئەوەی هیچ زانیاریەکی لەسەر رۆژەکەو یادەکە هەبێت .هەرەها دەپرسم تۆبڵێ ژن و مێدی کۆمەڵگەی کوردی گەر لە رۆژەکانی تری ژیانان هەستی خۆشەویستی بۆیەکتر دەربرن ئاخود لەم رۆژەدا چۆن پێشوازی لەم چەژنە دەکەن ؟بەپێی ئەزمونی کارکردنم لەگەڵ خێزانی کوردیدا ژن و مێردەکان زۆر بەکەمی هەستەکانیان بۆیەکتری دەردەبرن بەتایبەت لەلایەن مێردەکانیانەوە کەزۆرجار ژنەکان گازندەو گلەیی خۆیان بەرامبەر کەمتەرخەمی مێردەکانیان لە دەربرینی هەستی خۆشەویستی دەردەبرن و وەک پیاوان دەڵێن پێویست ناکات بەدەربرینی هەستەکان ،چونکە پیاوی کورد دەربرینی هەست لە دابینکردنی پێویستیەکانی ژیانی رۆژانی بەدیدەکەن لەکاتێکدا ئافرەتان ئەمرۆ زیاتر جەخت لە دابینکردنی پێداویستیە مەعنەویەکان دەکەنەوە ، بەڵام بەداخەوە ئەگەر هەبێت ئەوەندە رێژەکەی کەمە کە شایانی باسکردن نییە کە ئەمەش زۆر رەنگدانەوەی هەیە لەدروستبوونی کێشەو گرفتی نێوان خێزانەکان لەبەرئەوە تاکی کورد پێویستی بەرۆشنبیرکردنی خود هەیە سەبارەت بەزۆربەی لایەنەکانی ژیان و چۆنێتی پێکهێنانی هاوسەرگیری و دەربرینی هەستی خۆشەویستی بۆیەکتر . لەکۆتاییدا دەڵێم خۆشەویستی لە رۆح و دڵ و دەروون و عەقڵ و جەستە پێکهاتوە ساتێک دەمانەوێت کێشەیەک، یاخود گرفتێکی ژیانمان چارەسەر بکەین گەر بێتو بەسەرجەم ئەو لایانانە رەنگ نەکرێت هەرگیز ناکەینە چارەسەری گونجاو بۆکێشەکە.

لەم رۆژەدا پیرۆزبایی لەسەرجەم خۆشەویستان دەکەم

١٢ی شوبات ٢٠٠٩ ماڵپەری دەروونناس

سەرچاوە
Serchawe

# نووسەر و وەرگێڕی گەورەی کورد براییم خانی یوونسی کۆچی دوایی کرد

ئا: ئازاد بانەیی



براییم خانی یوونسی کوڕی سلّمان خانی یوونسی، ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە شاری بانە و لە ناو بنەماڵەیەکی دەست ڕۆشتوویی ئەو شارە دا لە دایک بوو. بنەماڵەی براییم خان یەکێک لە گەورەترین بنەماڵەکانی شاری بانە بوون کە لە بە ڕچەڵەک دەچنەوە سەر بنەماڵەی حاجی ئەحمەد بەگی ڕیش کە یەکێک لە پیاوە ئازاکانی گروپی دوانزە سوارەی مەریوان بووە. سەرەڕای ئەوەی کە هەموو تایەفە و بنەماڵەی براییم یونسی ئاغا بوون و خاوەن زەوی و زار و گوند و پاوانێکی یەکجار زۆر لە ناوچەی بانە بوون و چەندین گوندی وەک مجێسە و بەلوە و هتد،یان هەبوو، بەڵام بە پێچەوانەوە براییم هەر لە سەرەتای لاوییەوە ڕووی لە خوێندن و قوتابخانە کرد و زۆر بە زوویی گشت ئەو پلانە لە خوێندنی بڕی کە لە شاری بانە و تەنانەت کوردستانیش دا هەبوون. لە هەرەتی لاوەتییە بە هۆی کێشەیەکی بنەماڵەییەوە بانە جێ دێڵێ و ڕوو لە تاران دەکات. هەر لەو کاتە دا دەبێت کە لە دانشکەدەی ئەفسەری دەگیرسێتەوە و ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی پەیوەندی بە ڕیزەکانی حیزبی تودەی ئێرانەوە دەگرێت. یونسی لە ڕیزی ئەو ئەفسەرانەی حیزبی تودە دا بوو کە پاش ئاشکرا بوونی، لە لایەن ڕۆکنی ٢ی ئەرتەش و دەزگای سیخوڕی ساواکەوە گیرا و سەرەڕای ئەشکەنجە و ئازارێکی یەکجار زۆر، سزای ئێعدامی بە سەر دا سەپێندرا. بەڵام بە هۆی ناتەواوی قاچییەوە کە لە کاتی خزمەتی سەربازی دا لە دەستی دابوو، سزاکەی بۆ سزای زیندانی هەتاهەتایی و کاری زۆرەملی بۆ کەمکرایەوە و بۆ تێپەڕاندنی سزای یەکساڵ بەندی تاکە کەسی ڕوانەی بەندیخانەی قەسر کرا.

بە هۆی زیرەکیەوە براییم خان لە زیندان دا خۆی فیری زمانەکانی فەرانسەوی و تا ڕادەیەکیش ڕووسی دەکات، کە پاشان لە وەرگێڕان و نووسیەکانی دا پاڵپشتێکی باش بوون. ساڵی ١٣٤١ بەر لێبوردنێکی شای ئێران دەکەوێت و پاش ئازاد بوونی یەکەم کتێبی وەرگێڕدراوی بە ناوی" هونەری داستان نووسین" بڵاو دەکاتەوە. بڵاو کردنەوەی ئەو کتێبە سەرەتایەک بوو بۆ براییم خان کە بێتە ناو جیهانی ئەدەب و نووسین و سەرەتایەک بۆ شۆڕشی نووسین و وەرگێڕان کە خۆی لە ٨٠ بەرهەمی وەرگێڕدراو و دەیان بەرهەمی نووسراوی خۆی دا بینیییەوە.

براییم خانی یووسنی پاش ڕووخانی ڕژیمەکەی حەمەرەزا شای پەهلەوی و بە دەسەڵات گەشتنی یەکەمین حکومەتی کاتی بە سەرۆکایەتی موهەندیس مەهدی بازرگان لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا، پۆستی سەرۆکایەتی پارێزگای کوردستانی پێسپێردرا. هەرچەندە سەردەمی دەسەڵات داریەتی یوونسی لە پارێزگای کوردستان هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی دەیان حیزب و ڕێکخراو و تاقمی سیاسی، بەڵام ناوبراو زۆر بە چاکی توانی ئەرکەکانی بە جێ بگەیەنێت و لەگەڵ خەڵکی کوردستان دا بگونجێ.

پاش دەستپێکی شەری ٣ مانگە و هێرشی بەربڵاو سپای جەهل و نەزانی بۆ کوردستان، براییم خان بە تەواوی وازی لە کاری سیاسی هێنا و بۆ جارێکی دیکە ڕووی لە تارانی پایتەختی ئێران کردەوە. لە ماوەی ٣٣ساڵی ڕابردوو دا زیاتر لە ٨٠ کتێبی ناوازەی لە زمانەکانی ئینگلیسی و کتێبێکیشی لە زمانی فەرانسیەوە وەرگێرایە سەر فارسی، ئەوە جگە لەوەی کە چەندین بەرهەمی دانسقەی سەبارەت بە کولتور و ئەدەبیات و ڕووداوە مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و بە تایبەت ناوچەی بانە خستە کتێبخانەکانی جیهان، ئێران و کوردستانەوە. ناوبراو لە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوییەوە تووشی نەخۆشی لە بیرچوونەوە ببوو و چەندین ساڵ بوو بەو نەخۆشیەوە دەیناڵان، تاکوو سەرئەنجام کاتژمێر ٣ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە، ١٩ی ڕێبەندان لە تەمەنی ٨٥ ساڵی دا چاوەکانی لە سەر یەک دانا و ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

هەر چەندە بەڕیز یوونسی تاکوو ئێستا هیچ بەرهەمێکی بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە، بەلام بە نووسینەکانی کە باس لە مێژوو، ئابووری و کلتووری گەلی کورد بە زمانی فارسی دەکات، خزمەتێکی گەورەی بە کلتوری گەلەکەمان کرد و بووە هۆی ناساندنی هەرچی باشتری گەلی کورد لای نەتەوە فارسی زمانەکان و کەمەنەتەوەکانی دیکە جیگیر لە وڵاتی ئێراندا.

براییم خان سەرەرای دەوڵەمندییەکی زۆری بنەماڵە و تایفەکەی لە شاری بانە و زانایی و توانای بێ ئەژماری خۆی لە بواری ئەدەب ونووسین دا، بەلام لەو پەڕی هەژاری دا و دوور لە خاک و نەتەوەکەی و لە غەریبی دا سەری نایەوە. وا برِیارە ڕۆژی پێنجشەممە تەرمی ناوبراو لە گۆڕستانی سلێمان بەگی بانە کە شوێنی لە دایک بوونیەتی بە خاکی دایک بسپیردرێت.

هەزاران سڵاو لە ڕۆحی گەورەی براییم خانی یوونسی و یادی بەرز و بەخێر

لە بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە ناوداره دەکرێ ئاماژە بەو کتێبانەی خوارەوە بکرێت:

**نووسینەکان**

١. هنر داستان نویسی - (١٣٤١)
٢. دلدادەها
٣. رویا بە رویا
٤. ز
٥. مادرم دوبار گریست - (رمان)
٦. کجکلاه و کولی - (رمان)
٧. گورستان غریبان - (رمان ١٣٥٨)
٨. زمستان بی‌بهار
٩. شکفتن باغ - (رمان)
١٠. دادا شیرین - (رمان)
١١. اندوە شب بی پایان
١٢. دعا برای آرمن
١٣. خوش آمدی - (رمان)

**کتێب و بابەتە وەرگێڕدراوەکان**

١. آرزوهای بزرگ - چارلز دیکنز (١٣٣٦)
٢. ادبیات آفریقا
٣. تاریخ ادبیات یونان - رز هربرت جنینگز
٤. تکیەگاە - درایز تودور
٥. قیام شیخ سعید پیران - اولسن رابرت
٦. کردها و کردستان - درک کینان
٧. تاریخ معاصر کرد
٨. جنبش ملی کرد - کریس کوچرا کرد شناس فرانسوی
٩. هنر نمایشنامە نویسی
١٠. طوفان - ویلیام شکسپیر
١١. جنبەهای رمان
١٢. اگر بیل استریت زبان داشت
١٣. کردها ترکها عربها - سیسل جی ادموندز
١٤. یک جفت چشم آبی - توماس هاردی
١٥. بە دور از مردم شوریدە - تامس هاردی
١٦. جود گمنام - تامس هاردی
١٧. موسیقی و سکوت - رز ترە مین
١٨. بازگشت بومی - تامس هاردی
١٩. گشتی در کردستان ترکیە - شرین لیزر
٢٠. مردی کە خورشید را در دست داشت - جک ریموند جونز
٢١. مسلە کرد و روابط ایران و ترکیە - السن رابرت
٢٢. با این رسوایی چە بخشایشی - رندل جاناتان
٢٣. علامتچی - چارلز دیکنز
٢٤. داستان دو شهر - چارلز دیکنز
٢٥. چارلز دیکنز - هاردی باربارا
٢٦. دفتر یادداشت روزانە یک نویسندە – فئودور میخایلویچ داستایفسکی
٢٧. کردها - مصطفی نازدار
٢٨. اسپارتاکوس - فاست هوارد
٢٩. جامعەشناسی مردم کرد (آغا، شیخ و دولت) - مارتین وان براینِسِن
٣٠. جنبش ملی کرد - کریس کوچرا
٣١. زندگانی و عقاید آقای تریسترام شندی - استرن لارنس
٣٢. دست تکیدە - تامس هاردی
٣٣. تاریخ اجتماعی هنر - هاوز آرنولد
٣٤. سیری در ادبیات غرب - پریستلی، جان بوینتن
٣٥. تاریخ ادبیات روسیە - میرسکی سی دی
٣٦. میراث شوم - گیسینگ جورج
٣٧. لینمارا، عشق و آرزو - گاسکین کاترین
٣٨. زن شیشەای
٣٩. آشیان عقاب - هون کنستانس
٤٠. تامس هاردی - لویس سی دی

سەرچاوە
Serchawe

# دەقی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی خێزانیی

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

پەرلەمانی کوردستان- ئێراق

پشت بە حوکمی برگەی (١)لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمان کوردستان- ئێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٨)ی رۆژی ٢٠١١/٦/٢١ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەیدا:

یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١

## یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان – ئێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – ئێراق

دووەم: خێزان: کۆمەڵە کەسێکی سروشتین، پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتییان تاکو پلەی چوارەم هەیەو ئەوانەی بەپێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزانەوە.

سێیەم: توندووتیژی خێزانی: هەر کردارێک یان وتەیەک یان هەڕەشە یان پێ لێبکرێت لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی پەیوەندی خێزانیدا کە لەسەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم بنیات نرابێو ئەوانەی بەپێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزانەوە دەشێ لەباری جەستەییو جنسیو دەروونییەوە زیانیان پێ بگەیەنێو مافو ئازادییان لە دەست بدات.

چوارەم: دادگا: دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی خێزانی.

**ماددەی دووەم:**

یەکەم: هەرکەسێک کە پەیوەستی هەبێ بە پەیوەندییەکی خێزانی، ئەنجامدانی توندووتیژی لەچوارچێوەی خێزانیدا لێ قەدەغە دەکرێ، لەوانەش: توندووتیژی جەستەییو جنسیو دەروونی، ئەم کردەوانەش وەک نموونە بە توندووتیژی خێزانی دادەنرێت:




١. هاوسەرگیری بە زۆر.

٢. هاوسەرگیری ژن بە ژن (شغار)و منداڵ بە شوودان.

٣. بەشوودان لەجیاتی خوێن.

٤. لێک جوداکردنەوەی بە زۆر (التلاق بالاكراه).

٥. بڕینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (صله الارحام).

٦. مێرد بەزۆر ژنی خۆی ناچاری بەدڕەوشتیو کاری داوێن پیسی بکات.

٧. خەتەنەکردنی مێینە.

٨. ناچارکردنی تاکەکانی خێزان بۆ جێهێشتنی فەرمانبەرێتی بە نارِەزایەتی خۆیان.

٩. ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردنو سواڵکردنو بەجێهێشتنی خوێندن.

١٠. خۆکوشتن لە ئەنجامی توندووتیژی خێزان.

١١. لەباربردن لە ئەنجامی توندووتیژی خێزان

١٢. لێدانی تاکەکانی خێزانو منداڵ بەهەر بیانوویەک بێت.

١٣. سووکایەتی پێکردنو جنێودانو جنێودان بە کەسو کارو بەکەم سەیرکردنیو ئازاردانیو گوشار بۆ هێنانی دەروونیو پێشێلکردنی مافەکانیو بەزۆر سەرجێی کردن.

دووەم: بۆ زیان پێکەوتوو لە توندووتیژیو خێزانی هەیە زامنکاری پاراستنی لە توندووتیژی هەبێت.

سێیەم:

١. داوا لە کێشەی توندووتیژی خێزانی لەلایەن زیان پێکەوتوو یان ئەوەی بەپێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە دەجووڵێنرێو دادگا یان لێکۆڵەرەوە یان بەرپرسی بنکەی پۆلیس یان داواکاری گشتی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

٢. لەسەر کارمەندانی بواری تەندروستیو پەروەردەو بنکە فەرمییەکانە بۆ هاوکاری کردنی قوربانیانی توندووتیژی خێزانی هەواڵ بدەن.

چوارەم: رێکارەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن لە کێشەکانی توندووتیژی خێزانی نهێنی دەبێت.

**ماددەی سێیەم:**

یەکەم: دادگایەکی تایبەتمەند بە بابەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی خێزانی بەپێی (یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێم) ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ پێکدەهێنرێ.

دووەم: پێویستە لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم شوێنی حەوانەوە بۆ قوربانیانی توندووتیژی خێزانی دابین بکات.

سەرچاوە
Serchawe

سێیەم: قوربانیانی توندووتیژی خێزانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بیانگرێتەوە.

چوارەم: لەسەر وەزارەتی تەندروستییە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی چاودێری تەندروستی دەستەبەر بکەنو سەر لەنوێ شیاندن بۆ زیان پێکەوتووانی توندووتیژی خێزانی بکەنەوە.

پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی توندووتیژی دژی ئافرەت لە وەزارەتی ناوخۆ بە بەدواچوون بۆ کێشەکانی توندووتیژی خێزانی دەکات.

شەشەم: لەسەر وەزارەتی ناوخۆیە بەشێکی تایبەت لەناو پۆلیس بکاتەوە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە پۆلیسی ئافرەت پێکهاتبێتو هەڵسو کەوت لە کێشەکانی توندووتیژی خێزانی بکەن.

حەوتەم: لەسەر وەزارەتی ناوخۆو دەستە فەرمییە پسپۆڕەکانە ریکلام بۆ رۆشنبیریەتی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی خێزانی بکەن.

### ماددەی چوارەم:

یەکەم: دادگای تایبەتمەند لەکاتی پێویستدا یان لەسەر داوای یەکێک لە تاکەکانی خێزان یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات (فەرمانی پاراستن)وەک رێکارێکی کاتی بۆ پاراستنی توندووتیژی خێزانی دەربکات، بەمەرجێ فەرمانەکە ماوەی پاراستنەکە لەخۆ بگرێتو لەسەر دادگاشە بەپێی پێویست درێژی بکاتەوە.

دووەم: پێویستە ئەوەی داوای پاراستنی کردووە واز لەو فەرمانە بهێنێ بەپێی هاتنەکایەی شتی نوێو لەسەر دادگاشە تەئکید لەوە بکاتەوە کە داوای هەڵوەشاندنەوەکە بە ئارەزوو پێشکەش کراوەو لە بەرژەوەندی زیان لێکەوتووە.

سێیەم: فەرمانی پاراستن ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

1. بەڵێننامەیەک لە شکات لێ کراو کە دەست درێژی ناکاتە سەر زیان لێکەوتوو یان هەر تاکێک لە تاکەکانی خێزان.
2. گواستنەوەی قوربانی بۆ نزیکترین نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروستی بۆ چارەسەرکردنی لەکاتی پێویستدا یان ئەگەر قوربانی خۆی ئەمەی داوا کرد.
3. بەبڕیارێکی دادگا و بۆ ئەو ماوەیەی کە بەمەترسی بۆ سەر شکاتکەر یان بۆ سەر هەر تاکێک لە تاکەکانی خێزان دەزانرێت نابێ رێگا بەشکات لێکراو بدرێت بچێتە ماڵی خێزانی.

چوارەم: لە حاڵەتی پێشێلکردنی فەرمانی پاراستن، سەرپێچیکەر بۆ ماوەیەک دەگیرێ کە لە (48)سەعات زیاتر نەبێ یان بە غەرامەیەک سزا دەدرێ کە لە (300,000)هەزار دینار کەمتر نەبێت.

### ماددەی پێنجەم:

پێویستە لەسەر دادگا لایەنەکانی شکایەت رەوانەی لیژنەیەک بکات کە لە شارەزاو پسپۆڕان پێک دەهێنرێت بۆ چاککردنەوەی نێوانیان پێش ئەوەی کێشەکە رەوانەی دادگای تایبەتمەند لەو کێشانە بکرێت، کە دەشێ ئاشتەواییان تێدا بکرێت، بەمەرجێ کار لە رێکارەکانی پاراستن نەکات کە لەم یاسایەدا هاتووە.

### ماددەی شەشەم:

لەگەڵ زیان نەگەیاندن بەهەر سزایەکی توندتر کە دەقی لە یاساکانی بەرکاری هەرێمدا هاتووە:

یەکەم: هەر کەسێک هانی ئەنجامدانی کردەوەی خەتەنەکردنی مێینەی دا بە غەرامەیەک سزا دەدرێت کە لە (1000,000)یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێو لە (5000,000)پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ.

دووەم: هەر کەسێک کردەوەی خەتەنەکردنی مێینەی ئەنجامدا یان بەشداری تێداکرد سزای بەندکردنی بۆ ماوەیەک دەیگرێتەوە کە لە (6)مانگ کەمتر نەبێتو لە (2)دوو ساڵیش زیاتر نەبێتو غەرامەیەکیشی لێ وەردەگیرێ کە لە (2000,000)دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێتو لە (5000,000)پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، یان بەیەکێک لەو دووسزایە.

سێیەم: هەرکەسێک کردەوەی خەتەنەکردنی مێینەی ناکانی ئەنجامدا یان بەشداری تێدا کرد سزای بەندکردن بۆ ماوەیەک دەیگرێتەوە کە لە (1)ساڵێک کەمتر نەبێتو لە (3)ساڵیش زیاتر نەبێو غەرامەیەکیشی لێ وەردرەگیرێ کە (5000,000)پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێتو لە (10,000,000)دە ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، یان بەیەکێک لەو دوو سزایە.

چوارەم: باری تاوانکار توندتر دەبێ ئەگەر بکەرەکە پزیشک بوو، یان دەرمانساز بوو، یان کیمیایی بوو، یان مامان بوو، یان یاریدەدەرەکانیان بوونو لەسەر دادگاشە فەرمان بدات پیشەکەی یان کارەکەی بۆ ماوەیەک لێ قەدەغە بکات کە لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت.

### ماددەی حەوتەم:

لەگەڵ زیان نەگەیاندن بەهەر سزایەکی توندتر کە دەقەکەی لە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا هاتووە:

هەرکەسێک توندووتیژییەکی خێزانی ئەنجام بدات بۆ ماوەیەک سزای بەندکردن دەیگرێتەوە کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێتو لەسێ ساڵیش زیاتر نەبێتو بە غەرامەیەکیش سزا دەدرێت کە لەیەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێتو لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بەیەکێک لەو دووسزایە.

### ماددەی هەشتەم:

حوکمەکانی یاسای سزادانی ئێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموارکراو و یاسای ئوسووڵی دادگایی کردنی سزاییەکانی ژمارە (23)ی ساڵی 1971ی هەموارکراوو یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە (15)ی ساڵی 2008و یاساکانی دیکەی بەرکار لە هەرێم پیادە دەکرێن، ئەگەر هیچ دەقێک لەم یاسایەدا لەسەر نەهاتبوو.

### ماددەی نۆیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانو لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

### ماددەی دەیەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیە پێویستییەکان

توندووتیژی خێزانی دیاردەیەکی نەرێنی دژ بە پرەنسیپەکانی شەریعەتە ئاسمانییەکانو مافەکانی مرۆڤەو لەبەرئەوەی خێزان بنەمایەی کۆمەڵگەیەو لەپێناو پاراستنی لە هەڵوەشاندنەوەو پاراستنی تاکەکانیو وەرگرتنی رێکاری یاسایی بۆ دروستیو سەقامگیریو قەدەغەکردنی توندووتیژی خێزانی بەرێگای خۆپاراستن بەر لە روودانیو گەڕان بەدوای دۆزینەوەی چارەسەری چاکسازیو چارەکردن دوای روودانی، بۆیە ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

سەرچاوە
Serchawe




## مام هۆمەر و مریشکە کوڵە



**ڕێواس ئەحمەد**

هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر

نەبوو. پیاوێک هەبوو ناوی مام هۆمەر بوو، لە گوندێکی نزیک دارستانێکدا دەژیا. مام هۆمەر هەموو ڕۆژ دەچوو بۆ دارستان و داری دەبڕییەوە. مریشکێکی هەبوو، پێیان دەوت مریشکە کوڵە لەبەر ئەوەی کلکی نەبوو. مام هۆمەر داوای لە مریشکە کوڵە دەکرد هەموو ڕۆژێ هێلکەیەکی بۆ بکات، ئەگینا لێی تووڕە دەبوو. مریشکە کوڵەش ئەمەی زۆر پێناخۆش بوو، بۆیە بڕیاری دا ماڵەکەی مام هۆمەر جێبهێڵێ و لە دارستان بژی. لەوێ کولانەیەکی بچووکی بۆ خۆی دروستکرد و بوو بە خاوەنی کۆمەڵە جووجەڵەیەک. ڕۆژێکیان مریشکە کوڵە و جوجەڵەکانی لە دەرەوە بوون، ڕێوییەک بەرەو ڕوویان هات. مریشکە کوڵەش زۆر ترسا و نەیزانی چی بکات. ڕێوییەکە لێیان نزیک بوویەوە وتی: دەزانی من چەند ڕۆژێکە بەدوای قاوڵتییەکی وادا دەگەڕام. دەزانن چەند برسیمە. مریشکەکەش هەر بیری دەکردەوە چۆن خۆی و جووجەڵەکانی



ڕزگاربکات. لەناکاوا بیرۆکەیەکی بە مێشکدا هات وتی: مام ڕێوی من پێشنیارێکم هەیە، ئێستا جووجەڵەکانی من زۆر بچووکن و گۆشتیان پێوە نییە، دەڵێی چی گەر دوو سێ ڕۆژی تر بێیتەوە، ئەو کات قەڵەو دەبن و بەباشی تێر دەخۆیت. ڕێوییەکە بەم پێشنیارە ڕازی بوو. ئیتر مریشکەکە بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە چی بکات تا خۆی لە مام ڕێوی ڕزگاربکات. هەر ئەو ڕۆژە بە ڕێکەوت مام هۆمەری بینی لە دارستان، کاتێ خەریکی داربڕینەوە بوو. پاش سڵاو، مریشکە کوڵە هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ مام هۆمەر گێرایەوەو ئیتر هەردووکیان پێکەوە پلانێکیا ندانا. پاش چەند ڕۆژێ کە ڕێوییەکە هاتەوە، مریشکە کوڵە و جووجەڵەکانی بەرەو ڕووی ڕێوییەکە چوون و مریشکە کوڵە وتی: تەماشاکە دەبینی ئێستا جووجەڵەکانم چەند گەورەبوون. بەڵام پێش ئەوەی بمان خۆی داوایەکم هەیە. ڕیوییەکەش بە خۆشییەوە وتی: دی چی دەڵێیت من ئامادەم. ئەویش وتی: پێش ئەوەی بمان خۆی دەمەوێ پێکەوە گۆرانی بڵێین و هەڵپەڕین. مریشک و ڕێوی و جووجەڵەکان کەوتنە گۆرانی و هەڵپەڕکێ. کاتێ مام هۆمەریش گوێی لە دەنگیان دەبێت، تفەنگەکە ئامادە دەکات و بەرەو ڕووی دەنگەکە دەڕوات. کە نزیک دەکەوێتەوە تەقەیەک دەکات لە ڕێوییەکە. ڕێوییەکە کە گوێ لە تەقەکە دەبێت تا دەتوانی بە خێرایی ڕادەکات. ئیتر ڕێوییەکە جارێکی دی بەو ناوەدا نایەتەوە. مریشکە کوڵەش سوپاسی مام هۆمەر دەکات و ئیتر بە خۆشی لەگەڵ جووجەڵەکاندا دەژین.

==========================================================================

## چەند وشەهەیە هیچ کاتێک لەبەردەم منداڵەکەتدا مەیڵێ وەک:

**١-تۆ بێ ئەقڵێت..**

هەرگیز ئەم وشەیە بەمنالەکەت مەڵێ چونکە ئەمە لەسەر کەسایەتی مناڵەکەت ئەکەوێت وەلەوانەیە مناڵەکەت توشی گرێی دەروونی بێت لەبەردەم ئەم وشەیەدا..

**٢- جنێو و وشەی ناشرین..**

ئەم وشانە مەڵی لە پێش مناڵەکەت چونکە ڕەوشتی منالەکەت کەم دەکاتەوە و دوای منالەکەت بێ ڕەوشت دەر ئەچێت..

**٣- هیوای مردنی بۆ بخوازیت..**

هیچ کات پێی مەڵێ خۆزگە بمردیتایە پێش ئەوەی لەدایک بیت،،چونکە لەوانەی توشی خۆکوشتنی بکات...

**٤- تۆ تەمەڵیت بەکەڵکی هیچ شتێک نایەیت..**

ئەم چەند وشەیە زۆر هەلەیە چونکە ئەبێتە هۆی ئەوەی بڕوای بە خۆی نەمێنێت لەئەو وانەی یان ئەو کارەی کە دەیکات...

**٥- بەکار هێنانی وشەی نا..**

)وامەکە...وامەکە..)ئەم برگانە لەگەڵی بەکار مەهێنە بەڵکو شێوەی جوانتر هەیە وەک (بروام وایە کەتۆ ئەتوانی شتی باشتر بکەیت لەو شتە..)کەئەمەوا لە منداڵەکەئەکات بڕوای بە خۆی بێت زیاتر.....

ئامادەکردنی:سۆزی/ستافی بەڕێوەبەران

تایبەت بە کوردژین

# تەندروستی

## لیمۆ

### مێژووی لیمۆ

لیمۆ یەکێک لە میوە ئاودارەکانە ، کە لە بنەماڵی رووەکی جۆری ( Citrus )ە , سەرچاوەی پەیدا بوونی ئەم میوەیە بەتەواوەتی روون و ئاشکرا نیە ، لەبەر ئەوەش زانایان رای جیاوازیان هەیە لەسەر نیشتیمانی دایک بۆ لیمۆ ، هەندێک دەڵێن وڵاتی هیندە یان چین و هەندێکی تریش پێیان وایە لە باشور و باشوری رۆژئاوای کیشوەری ئاسیا بۆ یەکەم جار بڵاو بووتەوەو دوای ئەوە بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئافریقا بڵاو بووتەوە لە نزیکەی ساڵی ٧٠٠ ی زاینی ، دوای ئەوە بڵاو بوویەوە بەرەو ئەوروپا و دوایش لە دوای ساڵانی ١٤٩٣ ز کە کریستوف کولومبو ئامریکای دۆزیەوە لیمۆ گەیشتە ئامریکاو لەوێش تۆی لیمویان چاند و بەکارهێنرا وەکو رووەکی جوانکاری و بۆ کاری پزیشکیش سوودی لێ وەردەگیرا.



### ڤیتامین و کانزاکانی ناو لیمۆ لە هەر 100 گرامێک

ڤیتامین B1 ......... 0.04 ملگم

ڤیتامین C........... 50 ملگم

کالسیوم ............ 40 ملگم

فسفۆرات .......... 22ملگم

کاربۆهایدراد ......... 8.7 گرام

پرۆتین ............ 9گرام

ووزە ........... 32 کیلو کالێری

### سوودەکانی لیمۆ

سوودی بۆ گەدە : ئاوی لیمۆ بەتایبەت ئەگەر لەگەڵ ئاوی گەرم تێکەڵ بکرێت کێشەی دڵە سۆزە ( Heartburn ) کەم دەکاتەوە و ئارامی دەبەخشێت بە گەدە. و هەروەها یارمەتی هەرسکردنی خواردن دەدات .

لیمۆ پێست جوانتر و گەنجتر دەکات بەهۆی رێژەیەکی بەر چاو لە ڤیتامین C کە دژە ئوکسانە و خواردنی روژانە گلاسێک لە ئاوی لیمۆ رێگری دەکات لە زوو دروست بوونی لوچ لە سەرچاوی مرۆڤ .

ئاوی لیمۆ بۆ دەم و ددان باشە و ژانی ددان و پودی کەم دەکاتەوە و هەروەها وەکو پاککەرەوە وایە بۆ دەم و ددان .

لیمۆ یارمەتی دەرە بۆ چاکبونەوەی هەوکردنی گەرو ( tonsillitis ) ئەمەش بە تێوەردانی ئاو لەدەم ( خرِ خرِە) ، و باشتر وایە نیو لەت لیمۆ لەگەڵ نیو گلاس ئاوبێت .

بۆ کەم کردنەوەی کیش زۆر باشە زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەمە دەکەن کە تێکەڵکردنی ئاوی لیمۆ لەگەڵ ئاوی شلەتێن و خواردنەوەی روژانە گلاسێک لەم شەربەتە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی کێش لە دوای ماوەیەک لە بەکارهێنانی .



خواردنی لیمۆ پەستانی خوین نزم دەکاتەوە (High blood pressure) و بۆ ئەم کەسانەی کێشەی پەستان بەرزی خوینیان هەیە زۆرباشە بەڵام بە رێژەیەکی گونجاو .

لیمۆ بۆکەم کردنەوەی کێشەکانی تەنگە نەفەس ( Asthma ) باشە و هەناسەدان فراوانتر دەکات.

بۆ رۆماتیزم ( Rheumatism ) باشەو و هەروەها یارمەتی چاکبونەوەی هەوکردنی جومگەکان (arthritis ) دەدات .

خواردنی لیمۆ بۆ ئەوکەسانەی سەرئێشە یان هەڵامەتیان هەیە ، تا رادەیەک ئارامیان دەکات .

رێژەی تووشبوون بە نەخۆشی ( Atherosclerosis ) رەقبونی دەمارەکانی دڵ کەم دەکاتەوە .

### چۆنیەتی خواردنی لیمۆ بۆ ئەوەی زیاترین سوودی لێ ببینن

باشتر وایە کە نیو لەت لیمۆ بکەیتە ناو گلاسێک ئاوی شیرتێن و رۆژانە گلاسێک لەم شەربەتە بخۆیت ، و بۆ ئەو کەسانەی کە کێشیان زۆرە و قەڵەون وا باشە رۆژانە دوو گلاس لەم شەربەتە بخون . لەگەڵ ئەوەش نالێین لیمۆ وەکو میوە نەخورێت ، بەڵام زۆرینەی سەرچاوەکان ئەم رێگایەی کەباسمان کرد بە باشتر دەزانن بۆ زیاتر سوود وەرگرتن .

سەرچاوە : ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

سەرچاوە Serchawe

# وتەی زانایان



# زەماوەند

ئەمیر باباخانی

لەنێوان مەتەڵەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا و هەروەها قسەی گەورە کەسایەتیەکانی جیهان سەبارەت بە "زەماوەند" چەند دانەیەکمان هەڵبژاردووە، کە زۆربەیان بۆ بزەی سەر لێوە، بەڵام لەوانەیە هێندێکیشیان باس لە بارودۆخی مزو تۆ بکاو لەوانەشە بۆ هێندێکمان ببێتە ڕینوێن.

* کاتی زەماوەندکردن زیاتر لەگەڵ گوێچکەکانت بیروڕا بگۆڕەوە تا چاوەکانت.(مەتەڵی ئاڵمانی)

* پیاوێکی کە بۆ پوول و پارە زەماوەند دەکا، لە کۆتاییدا دەبێ بە نۆکەر.(فەرانسەوی)



* ژنێک بەختەوەرە کە لەسەر دڵی مێردەکەی بێ.(یونانی)

* ژنی عاقل لەگەڵ پیاوی فەقیر و بێ پوول چاک دەسازێ.(ئینگلیسی)

* ژن و مێرد ئەگەر یەکتریان بوێ لە وێرانە ماڵێکیشدا ژیان دەکەن.(ئاڵمانی)

* زاوایی ناحەزو بە کەسایەتی باشترە لە زاوای جوانو بێ کەسایەتی.(لەهێستانی)

* کچی عاقل، لاوی هەژاری لە پیرەپیاوی دەوڵەمەند پێ باشترە.(ئیتالیایی)

* دوو جۆرە ژن هەن، لەگەڵ یەکیان دەوڵەمەند دەبیو لەگەڵ ئەویتریان فەقیر.(ئیتالیایی)

* لە کاتی کرینی پارچە و قوماشدا بە جوانی چاو لە دەورەکەی بکەو لە کاتی ژن هێناندا، سەبارەت بە دایکی بووک چاک لێکۆڵینەوە بکە.(ئازەربایجانی)

* بۆ دیتنەوەی ژن، بۆچی!!! جووتە کەوشێکی دیکە دڕاندن، پێویستە.(چینی)

* دارە مێوی لە خاکی چاک و کچ لە دایکی چاک هەڵبژێرە.(چینی)

* ئەگەر ژنێک ویستی کە ئەتۆ بە هۆی پووڵ و پارەکەتەوە ببی بە مێردی، بیهێنە بەڵام پووڵ و پارەکەتی لێ دوور ڕاگرە.(تورکی)

* زەماوەند لە پیرۆزترین قۆنتراتەکانە.(ماری ئامپێر)

* زەماوەند وەک شووتیەک وایە، کە جاری وایە باش و جاری واشە زۆر خەراپ دەردەچێ.(سپانیایی)

سەرچاوە Serchawe

# پەندی پیشینیان



دووڕوو هەروایە پیشەو ڕەفتاری
هەم لە ناڵ ئەدات، هەم لە بزماری

قەدیمی دەڵێن بۆ دەستەوستان
هیچ فەرقی نییە گەرمێن و کوێستان

ڕەنگە دەرنەچی لە ئیمتیحانم
ئەگەر عەیبی تۆ تەواو بزانم!

عەیبەکانی خۆت بێتە بەر چاوی
ڕەوا نابینی بە کەس بەدناوی



مەشهوورە دەڵێن خزم بە ددان
گۆشتیشت بخوا، ناشکێنێ ئێسقان

هەر خوویەک مرۆ گرتی بە شیری
بۆی تەرک نابێ زەمانی پیری

برا گیان هێشتا ئەسپ نەکڕاوە
ئاخوڕ هەڵبەستن، خەیاڵی خاوە

گۆشتخۆرن هەموو دەعبای ئەم ناوە
کەچی هەر ناوی گورگ بەدناوە

هیوادارم بەدڵتان بێت دیلان

# ڕۆژژمێری مێژووی کوردستان - مانگی ڕێبەندان ( ژانوییە – فێوریە )





ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی


| | | |
|---|---|---|
| ١ | ٢١ی ژانوییەی ١٩١٩ | سەرکەوتنی لەشکری کورد لەشەری نێوان هێزەکانی کورد و ئێران،لە دامێنی چیای شەکریاز و لەناوچەی کانی دەرە. |
| ٢ | ٢١ی ژانوییەی ١٩٢٦ | چاپ و بڵاو کردنەوەی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی ژیان لە شاری سلێمانی. |
| ٣ | ٢١ی ژانوییەی ١٩٥٨ | کۆچی دوایی شاعیری لێهاتووی کورد مەعروف جیاوک . |
| ٤ | ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ | ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە کۆبوونەویکی زیاترلە ٢٠ هەزار کەس لە نوێنەرای ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە چوارچرای مەهاباد و پێشەوا قازی محەممەد بە سەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێرا. |
| ٥ | ٢٢ی ژانوییەی ١٩٦١ | دواین کۆبوونەوەی مەلا مستەفا بارزانی و عبدالکریم قاسم سەرۆک کۆماری عێراق. |
| ٦ | ٢٢ی ژانوییەی ١٩٩٨ | پیشوازی وپشتیوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دەست پێکردنی هەولی ئاشتیخوازانە بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە شەری براکوژی لەنێوان پارتی و یەکیەتی لە باشووری کوردستان. |
| ٧ | ٢٢ی ژانوییەی ١٩٩١ | کۆچی دوایی شاعیری بە توانا کورد بورهان جاهید . |
| ٨ | ٢٣ی ژانوییەی ١٩٢٢ | هێرشی هێزەکانی حکوومەتی ئێران بۆ سەر پێشمەرگەکانی سمکۆی شکاک. |
| ٩ | ٢٣ی ژانوییە ١٩٣٢ | مۆرکردنی ڕێککەوتنامە لە نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیە بەمەبەستی لێدانی و تێکشکانی شۆرشی ئارارات . |
| ١٠ | ٢٤ی ژانوییەی ١٩٨١ | کۆچی دوایی مامۆستا عەلی مەردان هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوداری کورد لە شاری کەرکوک. |
| ١١ | ٢٤ی ژانوییەی ١٩٢٢ | ڕاگەیاندنی هاوبەشی شانشینی عێراق و بەریتانیا بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەتی کوردی لەچوارچێوەی سنووری عێراق لەوناوچانەی‌کەزۆربەیان کوردن |
| ١٢ | ٢٤ی ژانوییەی ١٩٧٠ | کۆچی دوایی خەلیل سەدیقی هونەرمەند و تێکۆشەری سیاسی لە شاری مەهاباد. |
| ١٣ | ٢٤ی ژانوییەی١٩٦٤ | ماڵئاوایی مستەفا پاشای یامولکی سەرکردەی سوپای عوسمانی و ڕۆژنامە نووسی کورد. |
| ١٤ | ٢٤ی ژانوییەی ١٩٨٥ | شەهید کردنی مامە ریشە نەجمەدین شکور ڕەئوف پێشمەرگە وفەرماندەی کەرتی جەباری زوربەی داستانە پڕسەروەرییەکانی هێزی پێشمەرگەی لە باشووری کوردستان |
| ١٥ | ٢٥ی ژانوییەی ١٩٨٩ | کۆچی دوایی دوکتۆر سدیق ئەتروشی نوسەر و وەرگێر،چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازی کورد لە شاری قەڵادزێ. |
| ١٦ | ٢٥ی ژانوییەی ٢٠٠٧ | ماڵئاوایی موزەفەر سلێمان شەریف شاعیری بە توانای کورد لە شاری هەولێر. |
| ١٧ | ٢٥ی ژانوییەی ١٩٢٦ | کۆچی دوایی زانای کورد مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموود. |
| ١٨ | ٢٥ی ژانوییەی ١٩٩٨ | کۆچی دوایی محەممەد ماملی هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوداری کورد لە شاری مەهاباد. |
| ١٩ | ٢٥ی ژانوییەی ١٩٨٦ | کۆچی دوایی ئەیاز زاخۆلی(ئەیازیوسف ئەحمەد)هونەرمەندی گۆرانی فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی لە شاری مووسل. |
| ٢٠ | ٢٥ی ژانوییەی ٢٠١٠ | لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی شیمیایی سەرپەرستی ویران کردن و قەلاچوو کردنی باشووری کوردستان. |
| ٢١ | ٢٦ی ژانوییەی ١٩٣٩ | بڵاوکردنەوەی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی ژین لەلایەن شاعیری بەناوبانگی کورد پیرەمێرد لەشاری سلێمانی. |
| ٢٢ | ٢٦ی ژانوییەی ٢٠٠٨ | کردنەوەی کۆنگرەی ناساندنی جینۆساید لەسەر گەلی کورد لە شاری هەولێر. |
| ٢٣ | ٢٧ی ژانوییەی ١٩٤٨ | خۆپێشاندان لەدژی دەسەڵاتی شانشینی عێراق لە سەرانسەری شارەکانی عێراق و کوردستان. |
| ٢٤ | ٢٩ی ژانوییەی ١٩٣٩ | کردنەوەی ئێزگەی ڕادیۆ دەنگی کوردی لە شاری بەغدا. |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٥ | ٢٩ی ژانوییەی ١٩٤٧ | چاوپێکەوتنی مەلا مستەفا بارزانی لە گەڵ شای ئێران و کاربەدەستانی بەریتانیا و ئەمریکا لە شاری تاران. |
| ٢٦ | ٢٩ی ژانوییەی ١٩٩٢ | کۆچی دوایی عومەر دەبابە پاریزەر و ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان. |
| ٢٧ | ٢٩ی ژانوییەی ٢٩٩٦ | مالئاوایی سەعدوڵلا بامەڕنی هۆزاڤان،خەباتگێری کورد پەروەر و فلکلور ناسی ناوداری کورد لە شاری بامۆڕنی. |
| ٢٨ | ٣٠ی ژانوییەی ١٩١٩ | چاپ و بڵاو کردنەوەی گۆڤاری کوردستان لەشاری ئەستەمبۆل بە ٥ زمان، ئەم گۆڤارە ١٩ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. |
| ٢٩ | ٣٠ی ژانوییەی ١٩٥٢ | کۆچی دوایی شاعیری لێهاتووی کورد بەختیار زێوەر. |
| ٣٠ | ٣٠ی ژانوییەی ١٩٩٧ | کۆچی دوایی شێخ عوسمانی نەقشبەندی لەشاری ئەستەمبۆڵ. |
| ٣١ | ٣٠ی ژانوییەی ٢٠٠٥ | فلیمی کیسەلەکانیش دەفرن لە دەرهێنانی بەهمەنی قوبادی لە ڤیستیڤالی (ترۆمسۆی)نۆروێژ دا خەڵاتی ئەوروپای پێبەخشرا. |
| ٣٢ | ٣٠ی ژانوییەی ٢٠٠٥ | پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان و عێراق بەشداری بەرچاوی خەڵک لەم هەڵبژاردەنەدا. |
| ٣٣ | ٣٠ی ژانوییەی ٢٠٠٥ | کۆکردنەوە ئیمزای بۆ سەربەخۆیی کوردستان هاوکات لەگەڵ ئەنجام دانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە لایەن بزووتنەوەی ریفراندۆم. |
| ٣٤ | ٣١ی ژانوییەی ١٩٧٨ | شەهیدکردنی ئارام (شاسوار جەلال) رۆژنامەنووس و سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەران لە گوندی تەنکیسەر ناوچەی قەرداخی باشووری کوردستان. |
| ٣٥ | ٣١ی ژانوییەی ١٩٨٧ | کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی تێکۆشەری سیاسی و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان لە شاری ورمێ رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| | | |
| | | **February - فێوریە** |
| ٣٦ | ١ی فورییەی ١٩٩٥ | دامەزرانی پارتی نیشتمانی کوردستان لە باشووری کوردستان. |
| ٣٧ | ١ی فێورییەی ٢٠٠٧ | کۆچی دوایی پرۆفسۆر شاکرۆ خدۆ مخۆ نووسەری ناودار و دامەزرێنەری ناوەندی لیکۆڵینەری کورد لە شاری مۆسکۆ. |
| ٣٨ | ١ی فێورییەی ٢٠٠٦ | دامەزرانی کاناڵی ئاسمانی کۆمەڵە تی ڤی سەربە حیزبی کۆمونیستی ئێران (کۆمەڵە). |
| ٣٩ | ١ی فێورییەی ٢٠٠٤ | کارەساتی جێژنی قوربان تەقینەوەی مەلبەندی ٣ی و مەقەری ٢ی یەکیەتی و پارتی لە شاری هەولێری باشووری کوردستان. |
| ٤٠ | ١ی فێورییەی ١٩٢١ | پێک هاتنی کۆنفرانسێک لەشاری لەندەن لەسەر کێشەی کورد . |
| ٤١ | ١ی فێورییەی ١٩٧٤ | پێک هاتنی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان. |
| ٤٢ | ١ی فێورییەی ١٩٩٥ | دامەزراندنی بزووتنەوەی چەوساوان و جووتیارانی کوردستان. |
| ٤٣ | ١ی فێورییەی ١٩٩٩ | کردنەوەی بنکەی راوێژکاری پەروەردەی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەشاری دهۆک. |
| ٤٤ | ٢ی فێورییەی ١٩١٤ | ڕاپەرینی کوردەکانی بتلیس لە باکووری کوردستان. |
| ٤٥ | ٢ی فێورییەی ١٩٢٦ | دامەزراندنی کۆمەڵی زانستی کورد لەلایەن پیرەمێرد لە شاری سلێمانی. |
| ٤٦ | ٢ی فێورییەی ١٩٥٥ | مۆرکردنی رێککەوتنامەی پەیمانی بەغدا (سنتۆ)لە نێوان(تورکیە،عێراق،ئێران، پاکستان،ئەمریکا،بەریتانیا)چەند بەندێکی دژ بەخەباتی گەلی کوردە. |
| ٤٧ | ٢ی فێورییەی ١٩٦٦ | پێکهاتنی کۆنگرەی دووەمی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان لە شاری سلێمانی. |
| ٤٨ | ٢ی فێورییەی ١٩٧٢ | پێکهاتنی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان لە شاری هەولێر. |
| ٤٩ | ٢ی فێورییەی ٢٠١٢ | کۆچی دوایی دوکتور ئیبراهیم یونسی نووسەر و وەرگێری ناوداری کورد لە شاری تاران. |
| ٥٠ | ٣ی فێورییەی ١٩٠٨ | داگیرکردنی شاری مەهاباد لەلایەن هێزەکانی تورک ،دوای سێ هەفتە شارەکەیان چۆل کرد. |
| ٥١ | ٣ی فێورییەی ٢٠٠٠ | هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی لە شاری سلێمانی. |
| ٥٢ | ٤ی فێورییەی ١٩٢٨ | خستنە خوارەوەی دوو فرۆکەی نیزامی تورک، لەلایەن کوردەوە لە ناوچەی ئاگری. |
| ٥٣ | ٤ی فێورییەی ١٩٧٣ | پێکهاتنی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان لە شاری هەولێر. |
| ٥٤ | ٤ی فێورییەی ٢٠٠٧ | راگەیاندنی ژووری یەکیەتی بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان لە شاری هەولێر. |
| ٥٥ | ٤ی فێورییەی ٢٠٠٥ | بەرێوەچوونی ڤیستیڤاڵی پێشەوا قازی محەممەد لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر. |
| ٥٦ | ٥ی فێورییەی ١٩٩٣ | ساڵرۆژی دامەزراندنی پارتی سەربەخۆیی کوردستان. |
| ٥٧ | ٥ی فێورییەی ١٩٧١ | بڵاوکردنەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری دەنگی مامۆستا زمانحاڵی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی سلێمانی. |
| ٥٨ | ٦ی فێورییەی ١٩١٩ | شەریف پاشای خەندان لەسەر کێشەی رەوای نەتەوەی کورد چاوی بە (کلیمانسۆی) بەرپرسی کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس کەوت و داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە دیاربەکر،خرپوت،بەتلیس،موسڵ کرد. |
| ٥٩ | ٦ی فێورییەی ١٩٩٢ | چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری پەیامی راستی لە شاری سلێمانی. |
| ٦٠ | ٦ی فێورییەی ١٩٩٤ | ساڵرۆژی دامەزرانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە باشووری کوردستان. |
| ٦١ | ٦ی فێورییەی ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی عەبدولقادری دەباغی(مامەقالە) نووسەر،وەرگێرو نیشتمانپەروەری کورد لە شاری لەندەنی بریتانیا. |
| ٦٢ | ٦ی فێورییەی ١٩٣٥ | کۆچی دوایی ئەحمەد موختارجاف شۆرشگێر،روناکبیرو شاعیری لێهاتووی کورد لە شاری هەڵەبجە. |
| ٦٣ | ٩ی فێورییەی ١٩١٧ | گفتوگۆی نێوان کامیل بەدرخان و رووسەکان لەسەر ناوچەی بۆتان. |
| ٦٤ | ١٠ی فێورییەی ١٩٦٤ | ئاگربەس لە نێوان ئەرتەشی عێراق و کوردەکانی باشوری کوردستان، و ناکۆکی فکری لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستان مەلا مستەفا و جەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەد ! |
| ٦٥ | ١١ی فورییەی ١٩٤٦ | پێک هێنانی حکوومەتی کوردستان و هەیئەتی رەئیسەی میللی (کابینەی وەزیران)ئەو هەیئەتە لە ١٤ وەزیر پێک هاتبوو |
| ٦٦ | ١١ی فێورییەی ١٩٧٩ | شۆرشی گەلانی ئێران و رووخانی ریژیمی دیکتاتوری پاشایەتی لە ئێران. |

سەرچاوە
Serchawe

| | | |
|---|---|---|
| ٦٧ | ١١ی فیورییەی ٢٠٠٩ | دامەزرانی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستان(کە پێکهاتەی ڕێکخراوی لاوانی یەکێتی و پارتی و پارتی کۆمۆنیستی کوردستان) لە هەولێر. |
| ٦٨ | ١٢ی فێورییەی ٢٠٠٨ | کۆچی دوایی محەممەد فەرەج مەعروف بێژەر و دارهێنەری شانۆ و سەرۆکی ئارشیڤی نەتەوەیی کوردستان لە شاری سلێمانی. |
| ٦٩ | ١٣ی فێورییەی ١٩٢٥ | یەکەم شەر و تێک هەڵچوون لە نێوان شۆرشگێرانی سەربە شێخ سەعیدی پیران و هێزەکانی سوپای تورکیە. |
| ٧٠ | ١٤ی فێوریەی ١٩٢٥ | سەرهەڵدانێکی گەورە لە باکوری رۆژئاوای کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ سەعید. |
| ٧١ | ١٤ی فێوریەی ١٩٤٩ | رۆژی شەهیدانی حیزبی شیوعی بەدەست ریژیمی پاشایەتی عێراق. |
| ٧٢ | ١٤ی فێورییەی ١٩٢٥ | شێخ سەعیدی پیران داراهێنی کردە پێتەختی کاتی کوردستان. |
| ٧٣ | ١٥ی فێورییەی ١٩٧٠ | ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.(ئێستا بۆوتە چوار بەش) |
| ٧٤ | ١٥ی فێورییەی ١٩٧٩ | شەهید بوونی حەمە حوسێن کەریمی تێکۆشەری سیاسی و یەکیک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە. |
| ٧٥ | ١٥ی فێورییەی ٢٠٠٦ | دامەزرانی کانالی ئاسمانی تیشک تی ڤی سەربە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. |
| ٧٦ | ١٥ی فێورییەی ٢٠٠٧ | پێک هاتنی ناوەندی نووسەرانی کورد لە لایەن کۆمەڵێک لە نووسەران و رۆژنامەنووسانی کورد. |
| ٧٧ | ١٦ی فێورییەی ١٩٢٥ | کۆچی دوایی ئەمین فەیزی بەگ ئەفسەری پایەبەرز و کەسایەتی ناوداری کورد. |
| ٧٨ | ١٦ی فێورییەی ١٩٩٩ | رفاندنی عەبدوڵلا ئوجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ کا کا) لە کینێیا بۆ تورکیە. |
| ٧٩ | ١٦ی فێورییەی ١٩٢٨ | کۆچی دوایی ئەفسەرو ئەدیب و شاعیرو نووسەری لێهاتووی کورد ئەمین فەیزی بەگ. |
| ٨٠ | ١٧ی فێورییەی ١٩٦٤ | راگەیاندنی ئاگر بەس لە نێوان عبدالسلام عارف سەرۆک کۆماری عێراق و مەلا مستەفا بارزانی. |
| ٨١ | ١٧ی فێورییەی ٢٠٠٦ | ساڵرۆژی دامەزرانی پارتی سەربەستی کوردستان. |
| ٨٢ | ١٧ی فێورییەی ١٩٩٨ | کۆچی دوایی مینا خانم قازی ژنە تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری کورد،خیزانی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد |
| ٨٣ | ١٨ی فێورییەی ١٩٥٣ | دامەزراندنی یەکێەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان . |
| ٨٤ | ١٨ی فێورییەی ١٩٥٣ | کۆچی دوایی زاناو مێژوو نووسی کورد رەشید یاسمی. |
| ٨٥ | ١٨ی فێورییەی ١٩٥٥ | مۆرکردنی رێککەوتنامەی بەغدا لە نێوان (عێراق – تورکیە) بەمەبەستی سەرکوت کردنی هەر بزووتنەوەیەکی کورد کە لەناوچەکە روو بدا |
| ٨٦ | ١٨ی فێورییەی ٢٠٠١ | تیرۆر کردنی فەرەنسۆ هەریری ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراو لە شاری هەولێر |
| ٨٧ | ١٩ی فێورییەی ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی سەربەست عومەر مامۆستای بەشی شێوەکاریی پەیمانگای هونەرجوانەکانی هەولێر،و نەخشاندنی مۆنۆمێنتی شەهیدانی یەکی شوباتی لە پارکی شاری هەولێر. |
| ٨٨ | ١٩ی فێورییەی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی عەزیز کیخوسرەوی نووسەر،وەرگێر و ئەندامی دامەزرێنەری گۆڤاری سروە لە شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٨٩ | ١٩ی فێورییەی ١٩٩٨ | کۆچی دوایی مارف ئاغایی شاعیر، وەرگێر،چیرۆک نووس وهاوکاری گۆڤاری سروە لە هاتووچووی رێگادا لە مەهاباد. |
| ٩٠ | ٢٠ی فێورییەی ١٩٩٣ | کۆبوونەوەی سێ دەوڵەتی ئێران، تورکیە و سوریا دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان. |
| ٩١ | ٢٠ی فێورییەی ١٩٩٧ | ساڵرۆژی دامەزرانی بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان. |




گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون، گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە لە ئامادە کردن و بڵاو کردنەوە رحمان نەقشی
r_neqsi@yahoo.ca

سەرچاوە
Serchawe




سەرچاوە
Serchawe